


# دووەم کۆنفرانسی پەروەردەیی

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە

# وەزارەت

www.moe-krg.com

## ١٢-١٤/ ئەیلولی/٢٠٠٠

بەچاودێری و ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و بەئامادەبوونی بەڕێزان سامی عەبدولرەحمان جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەك لەوەزیرە بەڕێزەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق و نوێنەری ڕێکخراوەکانی UN و سەرۆك و مامۆستایانی زانکۆو ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی (مامۆستایان، قوتابیان و ئافرەتان) و شارەزاو پسپۆرانی بواری پەروەردە، ڕۆژی ٩/١٢ لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی، وەزارەتی پەروەردە لەژێر دروشمی (لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو زانست لەکوردستانێکی خاڵی لەنەخوێندەواری) دووەم کۆنفرانسی خۆی بەست.

سەرەتا بەچەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆزو پاشان دەقیقەیەك وەستان لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب وەزیری پەروەردە لەوتەیەکدا بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز سەرۆکی حکومەت ومیوانە بەڕێزەکانی کرد، و ئاماژەی بەو دەستکەوتانە کرد کەوەزارەت لەو ماوەیەدا جێبەجێی کردووەو سوپاسی پشتگیری بەردەوامی سەرۆکی حکومەت و کابینەی چوارەمی کرد لەجێبەجێکردنی داواکارییەکانی وەزارەت و پێشقەبردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەهەرێمدا.




www.moe-krg.com

دوا بەدوای دەست نیشانکردنی خاڵە سەرەکییەکانی کارنامەی کۆنفرانسەکە بەڕێزیان داوای لەجەنابی نێچیرڤان بارزانی کرد بەم بۆنەیەوە وتارێك پێشکەش بکات. ئەمەش دەقی وتەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی‌یە:

## بەناوی خوا
## مامۆستایانی ئازیز
## پسپۆرانی پەروەردەیی بەڕێز

خۆشحاڵین ئەمڕۆ بەشداری لە کۆنفرانسەکەتان دەکەین ، بە سوپاسەوە دەستخۆشی لەو هەنگاوانە بکەین ، کە ئێوەی بەڕێز هاویشتووتانە بۆ بەستنی ئەم کۆنفرانسە .

سەرۆك بارزانی ڕۆڵی ئێوەی لە بەردەوامبوونی پرۆسەی پەروەردەیی و پاراستنی ئەم ئەزموونەدا هەڵسەنگاندووە . کە فەرموویەتی : ( هەموو میللەتی کورد قەرزداری مامۆستایانە ) بەحەقیقەت مامۆستایانی بەڕێز لە بارودۆخی زۆر ناخۆشی کوردستاندا ، ئەمەیان سەلماندووەو زۆر جار باسمان کردووە ، بەڵام دەمەوێ جارێکی دیکە وەکو بیرهاتنەوە باسی بکەم ، لە دوای ڕاپەڕین لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا مامۆستایان بەبێ ئەوەی مووچە وەربگرن ، خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەوەی منداڵانی کورد لە خوێندن و لە فێرکردن بێبەش نەمێنن، ئەمە گەورەترین سەروەرییە بە نیسبەت ئێمە ، کە باسی مامۆستایانی خۆمان بکەین ئەوەمان بیربێتەوە ، کە ئەو هەوڵەی ئەوان داویانە بۆ فێرکردنی منداڵانی کورد ،کەمتر نەبووە لەو پێشمەرگەی کە بەرگری لە پاراستنی کورد و کوردستان کردووە .

خوشك و برایانی بەڕێز :

لەمیانی کارکردنماندا لە هەردوو کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە نزیکەوە ئاگاداری هێڵە سەرەکییەکانی دانانی نەخشەی پەروەردە بووین هەمیشە حەزمان کردووە ئاماnجەکانی ئەم پرۆسەیە ڕوون و ئاشکرابن و، هەوڵمان داوە ئاماnجەکانمان بەگشتی و ئامانجی پەروەردەکردنی نەوەی داهاتووی گەلی کوردستان بەتایبەتی دەربڕینی فەلسەفەی کوردایەتی بێت و، لەگەڵ سیستەمی پێشکەوتووی سەردەم یەك بگرن ، چونکە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ زانستدا هەمیشە پێکەوە بەرەو لوتکەی ئاوات چوونەو لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا یەکەم لایەنی خزمەتگوزاری ، کە پێشکەشی جەماوەری خۆڕاگری ناوچە ڕزگارکراوەکان دەکرا ، کردنەوەی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی بووە ، ئێستا زیاتر بار ڕەخساوە ، کە بە هەمان نەخشەو هیممەت و بە پێشکەوتووترین ڕێگا پرۆسەی پەروەردەیی ئەنجام بدرێت ، ئەوەی لەم ماوەیەدا لە وەزارەتی پەروەردەدا کراوە هەنگاوی سەلمێندراوی ئەم ڕێبازەیەو جێگای خۆشحاڵی ئێمەیە ، کە بەهەموو توانامان پشتیوانی لە پڕۆژەکانیان دەکەین .

من دەمەوێ بە سوپاسەوە ئەم فورسەتە وەربگرم وسوپاسی وەزیری بەڕێزی پەروەردە بکەم ، سوپاسی ئەو هەڤاڵانە بکەم ، کە لەگەڵ جەنابی وەزیر بەڕاستی بە تایبەتی لە ماوەی کابینەی چوارەم خزمەتێکی یەکجار زۆریان کردووە زۆر ماندوو بوون ، ئەوەی کە ئەمان لەم ماوە کورتەدا کردوویانە لەوانەیە بە دوو ساڵی تر ئێمە ڕازی دەبووین ئەو هەنگاوانە ببینین ، بەڵام ئەوەی کە ئەوانە کردوویانە جێگای ڕێزو سوپاسە ، من بەناوی کابینەی چوارەمی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران سوپاسی جەنابی وەزیرو هەڤاڵانی دەکەم ، کە بەڕاستی زۆر زەحمەتیان کێشاو جێگەی دەستیان دیارە . هەر لەو ڕووەشەوە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران لە کارکردنەوەکانی خۆماندا ئێمە هەمیشە ئەولەویەتی تایبەتیمان داوە بەو شتانەی کە لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ ئێمە دێ ، هەموو جار تەئکید کراوەتە سەر ئەوەی هەرچی کە وەزارەتی پەروەردە پێویستی پێی بێت بە پێی ئەونەخشەی کە بۆمان هاتووە . بە پێی ئەو بەرنامەیەی ، کە ئەوان داویانە ، لە لایەن

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پشتیوانییەکی تەواویان لێکراوە. پشتیوانی کابینەی چوارەمی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەزارەتی پەروەردە بەردەوام دەبێت و زیاتریش دەبێت

لەم ماوەیەدا هەندێک شت کراوە وەک زیادکردنی دەرماڵەی مامۆستایان و دروستکردنی قوتابخانە لە شوێنە دوورەکان و، لەو بینایانەی کە دوو دەوام یان سێ دەوامیان تێدا دەکرێت. لەوەش گرنگتر دروستکردنی (٢٩٨) قوتابخانەیە لەو گوندانەی بێبەش بوون لە خوێندن و بەتەواوبوونی ئەم پرۆژەیە هیچ شوێنێک لە کوردستاندا نامێنێت قوتابخانەی تێدا نەکرێتەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو روو پێوە پەروەردەییە دەستنیشان کرا. کە بووە ڕێخۆشکەرێک بۆ جێبەجێکردنی خوێندنی ئەوزیمی ئینجا من دەمەوێ کە ئەمەش بڵێم، بە حەقیقەت پێویستە ئێوە وشەیەکی دیکە بدۆزنەوە بۆ (خوێندنی بەزۆر)، چونکە (خوێندنی بەزۆر) من موافق نیم لەگەڵ ئەو وشەیە، چونکە ئەم جۆرە وشەیە بۆ ئێمەی کورد هەر ناخۆشە. جا داوا لەم کۆنفرانسە دەکەم هەرچەندە منیش نووسیومە (بەزۆر)، بەڵام داوا دەکەم وشەیەکی دیکە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە ئەم وشەیە بەکار نەهێنین. بەڵام بە حەقیقەت ئەمە هەنگاوێکی زۆر زۆر پیرۆزە بەوەی، کە وەزارەتی پەروەردە هاوپشتوویتی و جێگەی دەستنیشیان لەم رووەوە زۆر دیارەو هیوادارین ئەمە بەردەوام بێت و داوا دەکەم لە هەموو دایک و باوکی منداڵانی خۆشەویست کە هاوکاری بکەن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسە گەورەیە.

بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری وەکو قۆناغی یەکەم (١٠٠٠٠) کەس لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک بەردەوامن لە خوێندن و رەزامەندی دراوە لە سەر وەرگرتنی (١٣٠٠٠) کەسی دیکەش بۆ قۆناغی دووەم، هەڵبەتە ئامادەکردنی کتێب و پێویستییەکانی خوێندن بۆ ئەم مەبەستەو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە گشتی زۆر زۆرن، بۆیە بەسوپاسەوە رەزامەندی لە سەر پرۆژەی چاپکردن و فراوانکردنی توانای بەرهەمهێنانی چاپخانەی وەزارەت دراوەو ئێستا لەو قۆناغەدایە، کە ئیعتیمادی تەواو لەسەر خۆی بکات و هەموو پێداویستییەکانی ئەم چاپخانەیە دابین بکرێت.

جگە لەمەش هەنگاوی باش نراوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان وەزارەتی پەروەردەو زانکۆکانی هەرێمدا، من دەمەوێ سوپاسی ئەم زانکۆیانەش بکەم، سوپاسی زانکۆکانی کوردستان بکەم. بە پێی ئەو راپۆرتانەی. کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ ئێمە هاتووە بەراستی دەورێکی زۆر باشیان هەبووە. هیوادارم ئەم دەورەیان بۆ پشتیوانی وەزارەتی پەروەردە بەردەوام بێ و زیاتر بێ دیسان سوپاسیان دەکەم.

خوشک و برایانی بەڕێز

پێویستە ئەمرۆ خێرا بە تۆوە هەنگاوەو خێراکانی مێژوو بکەین و باش بزانین، کە پەرلەمانی یەکەمی ئێستا بەرامبەر دەیان ساڵی ڕابردووە لەسەر ئەم بنەمایەو بە پێی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی زانست و بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی دەبێ پرۆگرامی خوێندن نوێ بکرێتەوەو، بە بیرێکی پاک قوتابییەکانمان پەروەردە بکەین و مافەکانیان بپارێزین، زۆر لە شێوازی کۆنە زیانبەخشەکان لەناو بەرنامەکانی پەروەردەدا لابدەین، وەکو بەکارهێنانی لێدان و سەرزەنشت کردنی منداڵان. لێرە دەمەوێ تەئکید لە سەر بڕیاری وەزارەتی پەروەردە بکەم. کە لێدان بە هەموو جۆرێکەوە لەناو قوتابخانەدا قەدەغەیەو بە هیچ شێوەیەک نابێ ڕێگا بدرێت. کە منداڵی ئێمەی کورد بە لێدان ئیلزام بکرێت. کە شتێک قەبووڵ بکات، پێویستە زیاتر ئیعتیماد لەسەر فێرکردن بکرێت، نەک لەسەر ئەوەی هەموو شتێک پێویستە بە زۆر چارەسەر بکرێت. بێ شک مەبەست لە بەستنی ئەم کۆنفرانسێک دراسەت کردن و هەڵسەنگاندنی هەنگاوەکانی ڕابردوو و گفتوگۆکردن لەسەر هەموو وردەکاری تەکنیکی و کاریگەرانەیە بۆ سەر لە نوێ دارشتنەوەی پلان و نەخشەدانانێکی پتەوتر. کە بگونجێت لەگەڵ سەردەمی ئێستا و ڕێگا بەرەو هەنگاوەکانی داهاتوو خۆش بکات. لەم رووەوە داوا لە ئەندامە بەڕێزەکانی ئەم کۆنفرانسە دەکەم. کە بەوپەڕی جورئەتەوە ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن و، ئینشاڵڵا هیوادارم لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بن، لە هەموو رووییەکەوە

بێ شک ئەرکی مامۆستایان ئەرکێکی پیرۆزە، چونکە ئەم ئەرکە دەگەڕێتەوە بۆ فێرکردنی نەوەکانی ئایندەی میللەتی کورد. ئەوانەی کە لە داهاتوودا ئەرکی ئەم میللەتە لەسەر شانیان دەبێت، مامۆستایان پێویستە هەردەم هەست بەم ئەرکە پیرۆزو گرانە بکەن و، لەم رووەشەوە هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی قوتابیانی ئێمە بەو شێوەیە پەروەردە بکرێن کە لە ئایندەدا بتوانن ئەو بۆشاییەی کە لە قۆناغی خوێندندا لە پێشتر ڕویداوە بە خێرایی پڕ بکرێتەوە، ئەمە ئەرکی سەرشانی ئێوەیە، ئێوە پێویستە ئەم دەورە ببینن بۆ ئەوەی قوتابیانی ئێمە بە بیروباوەڕێکی پاک لە ئایندەدا بتوانن خزمەتی گەلی کورد بکەن

من دیسانەوە تەئکید لە سەر ئەوە دەکەم. کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە سەیری ئەو هەنگاوانە دەکات، ئەوانەی کە وەزارەتی پەروەردە لەم ماوە کورتەدا هاوپشتوویتی. دیسان سوپاسیان دەکات دیسان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تەئکید دەکات پشتگیری تەواوی بەرنامەکانی ئیداری چ لەرووی ماڵییەوە چ لە رووی ئیداری چ لە هەر روویەکەوە، کە پێویست بێ، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەیە و پشتیوانی دەکا

ئەمەنناي سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەکەین.

زۆرسوپاس

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moekrg.com

هەروەها لە ڕێوڕەسمی کۆنفرانسەکەدا بەڕێز عبدالعزیز تەیب وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**ڕێزدار جەنابێ کاك نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ**
**میڤانێن قەدر گران**
**مامۆستا یێن خوشتڤی**

خۆ بەبەختەوەر دزانین ، و جهێ شانازیا مەیە . ئەڤرۆ کۆنفراسێ وەزارەتا پەروەردێ ، لژێر دروشمێ ( لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو زانست لە کوردستانێکی خالی لە نەخوێندەواری ) ، و ب چاڤدێریا بەڕێز ( نێچیرڤان بارزانی ) ، سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دەست بکارێن خۆ بکەت . چونکە پاڵپشتی و هاوکاریا جەنابێ وی ، هەرگاڤ دەعمەکا مەعنەوی و پشتەڤانیەکا راستەوخۆ بوویە ، بۆ جێبەجێ کرنا پلان و پرۆژێن وەزارەتامە . و ئەکید ئەگەر ئەڤ دەعم و پشتەڤانیە نەبا ، تشتەکێ گەلەك زەحمەت بوو ، پرۆسا پەروەردێ ل هەرێمێ گەهشتبا ڤێ قۆناغێ . ژ بەر مەزنی و بەرفرەهیا خزمەتگوزاریێن پەروەردێ ، نەخاسمە پشتی بڕیار دانا جێ بە جێ کرنا خوێندنا ب زۆر ، کو نها دوو هەزار قوتابخانە ، و نزیکی نیڤ ملیون قوتابی ، و بیست و دوو هەزار مامۆستا و کارمەندێن پسپۆر ، دڤی مەجالیدا کاردکەن و ئەم دگەشبینین . کو ڕێبازا پەروەردێ دێ بەرەڤ پێش چیت و پاشەرۆژەکا گەشا هەی .

**خوشك و برایێن بەڕێز**

بەستنا ڤی کۆنفرانسێ ، ژ بۆ هەلسەنگاندنا ، نەخشەدانان و پلان و دەست نیشان کرنا خالێن سست و بهێزێن کارێ مەیێ بەرێنە . داکو ب هیمەتەکا مەزنتر و جورئەتەکا موکمتر ، هەموو لایەنێن کارناما وەزارەتێ بێنە دیراسەتکرن ، راسپاردەیێن شامل و بنەجه بێنە وەرگرتن. ولسەر ئەساسێ پێگیری و التزام ب یاسا و بریار و تعلیماتێن موتەعەلیق ب وەزارەتا مەڤە ، و لێرە دوبارە دکەینەڤە کو هەموو دەزگەهێن پەروەردەیی ، و کارمەندێن کارگێری ، و بەرێوەبەرێن گشتی ، و هەموو مامۆستا بەرپرسیارن بەرامبەر یاسایێ ، نەخاسمە ئەو تشتێن گرێدایی ب بروانامە و دەوامێ و ممتلکاتێن میریڤە ، و تڤێت قودسیەتا وان بێتە پاراستن ، و نابێت بکەڤنە ژێر هیچ بار و زەختەکی - ئەڤێ چەندێ ژی قوربانی و تضحیە دڤێن بەلێ ئامانجا دوماهیێ دڤێت شێوازێ قانون و زانستێ بسەرکەڤیت . هەر وەکو جەنابێ سەرۆك بارزانی دبێژیت : دەبێت یاسا سەروەربیت ، لەوما جەوهەرێ کارناما کابینا چارێ یا حکومەتا هەرێمێ ژی چەسپاندنا یاسایێیە .



مالپەرێ وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

**خوشك و برایێن بەڕێز**

سیاسەتا مەیا پەروەردەیی ، لدویڤ کارناما کابینەیا چارێ یا حکومەتا هەرێمێ و یاسا و بڕیارێن پەرلەمانێ کوردستانێیە . و مەدڤێت ببیتە سیستەمەکێ متکامل و ل هەموو قوتابخانا رەنگ بدەتەڤە ، کو دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و هەموو ئازادیێن بنچینەیێن ژیانا مەدەنیەتێ ڤەکریت . و لسەر ڤی ئەساسی ، پەیوەندی دناڤبەرا مامۆستای و قوتابی بێنە گرێدان ، و تەئکید لسەر پەیوەندیێن دناڤبەرا قوتابخانەو کۆمەلگەهێ دکەین ، کو دڤێت هەردوو تەواوکەرێن یەکبن . و کۆمبوونێن جڤاتێن مامۆستا و دایك و بابێن قوتابیا ، و ڤەکرنا بنکەهێن نەهێشتنا نەخوێندەواریێ وئیقبالا خەلکی بۆ بەشداربوونێ بەلگەو دەلیلن لسەر ڤێ چەندێ ...

**خوشك و برایێن بەڕێز**

یەك ژ پێنگاڤێن مەیێن سەرەکییێن ڤێ فەترا چوویی ، پرۆسا رووپێویا سەرانسەری بوو ، کو مەدڤێت ئامارێن دروست بزانین ، ب هەژمارا قوتابیان و نەخوێندەواران ، و ئەو مندالێن ناهێنە قوتابخانێ یان ژ خوێندنێ دابراینە ، کو لدویڤ تقدیراتێن مەیێن سەرەتایی .. سالانە نزیکی ( ١٥،٠٠٠ ) پازدە هەزار متسرب هەنە ، و ئەگەر ئەم شیاین و موتەئەکدم بڤان ئیمکانیاتێن لبەردەست و ب پشتەڤانیا سەرۆکایەتیا ئەنجومەنێ وەزیران و بایەخدانا جەنابێ سەرۆك

بارزانی بۆ لایێ مە مسۆگەر دێ شێین پێنگاڤێن مەزن بهاڤێژین . و هەتا حەدەکێ باش خۆ رزگار کەین ژوی رێژا نەخوێندەواریێ ، کو لسەرانسەرێ جیهانێ ١٣٠ ملیۆن منداڵێن نەخوێندەوار هەنە ، و ژ حەلەقا وەلاتێن پاشکەفتی هێینە دەری . و ئەڤە مەزترین دەسکەفتیە و . انشاء الله ئێزیک دێ بجه هێت . لڤێرە ئەدڤێت ب میکانزمەکا خورتر . و ب دانوستاندنەکا رێک و پێک ، تەعاملێ دگەل رێکخراوێن پەیوەندیدار ب بریارا ٩٨٦ بکەین ئەوێن سەر بە UN ڤە ئەخاسمە رێکخراوێت یونسکۆ و یونیسێف و هابیتات یان یێتNGOیی و بەرنامێن نوکە و داهاتی بجە بینین . وەکو ئەمامکرنا ئاڤاهیێن قوتابخانا ، و نوژەنکرن و بەرفرەهکرنا وان ، داکو کێشەیا سێ دەوامیێ نەمینیت . و لدویڤ بەرنامێ مە لسالا ٢٠٠١-٢٠٠٢ ب یەکجاری دێ بنبڕ بیت . و پشتی ئەمامکرنا (٢٩٨) قوتابخانێن کو دێ سەرێ ڤێ هەیڤێ بدوماهیک هێن ، هیچ گوندەک ل کوردستانێ نامینیت و قوتابخانە لێ نەبیت ، و پرۆسا خوێندنا ب زۆر دێ ئاسانتر بیت . هەر وەسا بنکەهێن نەهێشتنا نەخوێندەواریێ دێ بەرفرەهتر بن و ئەو رێژەیا تنێ کو ١٠،٠٠٠ هەزار فێرخواز دخوینن بۆ قوناغا دوویێ دێ (١٣،٠٠٠) سێزدە هەزارێن دێ وەرگرین و پرۆسە دێ یا بەردەوام بیت .

بەربارەی پرۆگرام و چاپ کرنا کتێبێت هەموو قوناغێت خوێندنێ . لێژنێت پسپۆر دەست ب کارێت خۆکریە و بەردەوامن دتویکرن وتویژاندنا کتێبێت خوێندنێ . ئەوێت هاتینە ئامادە کرن و گەهشتینە چاپێ . کو رێژاتە (١٢) دوانزە هەزار مەلزەمە لدویڤ تاقەتا چاپخانێ تێنە چاپکرن ، رێژەیەکا زۆر چاپ بووینە و یەکسەر برێکا کۆگایێت پەروەردەیێڤە ، هاتینە دابەش کرن بسەر قوتابخانەیان ، و دگەل دەسپێکا دەوامێ دەبیت بکەڤنە دەستێ قوتابیان. بایەخەکا زۆر ب زمانێ کوردی هاتیە دان ، تەڤایا پرۆگرامێت خوێندنێ ب زمانێ کوردی چاپ بووینە . ژ بلی تایبەتمەندیا ئەتەوێن دی وەکو خوێندنا تورکمانی و سریانی . کو هەموو پێداویستیێت خوێندنێ هاتینە ئامادە کرن . وەهەر وەسا وانەیا ئێزدیاتی بۆ وان قوتابخانێن دەڤەرێن ئێزیدی نشینن . بۆ رێکخستنا میلاکێت قوتابخانەیان ، ئەڤ ساڵە هەموو پلەیێن دامەزراندن و ڤەگواستنێ و وەرگرتنا مۆلەتێن بێ مووچە ، دڤێت بەری دەست پێ کرنا دەوامێ بکۆتاهی بهێن و بو پڕکرنا کێماتیا میلاکاتێن خولێن تشیاندنێ بو مامۆستایێن سەرەتایی هاتنە ڤەکرن و خولێن [illegible] انە مامۆستایێن دواناوەندی بۆ دەرچوویێن کۆلیجا ئاداب و زانستی هاتنە ڤەکرن ، پلەیێن مۆلەتێن خوێندنێ بۆ مامۆستایێن سەرەتایی کو ل زانکۆیا سەلاحەدین و دهۆک بێنە وەرگرتن زێدە بوونە . وە ئیمتیازاتێت نوی ژی بۆ هاتینە داین کرن . داکو زڤرینا وان مسۆگەربیت . گەلەک وردەکاریێن دی هەنە . ب درێژیا دانیشتنێت کۆنفرانسێ دێ هێنە بەحس کرن ، وئەو خالێن پتر مە دڤێن بێنە هەلسەنگاندن ئەڤەنە :

١. دەمێ هەموو پێداویستیێن قوتابخانا ل پشویا هاڤینێ ئامادە ببن ، بوچی دەواما وان ناهێتە پێشتر ؟ داکو ئاستێ زانستی زیاتر ببیت ، و شوینا وان پشوو مۆناسەبەتێت زۆر د خیلالێ دەوامێ دا بێنە تەعویز کرن . هەروەکو ئەڤ ساڵە مە هەفتیەکێ ئینایە پێش .

٢. خولێن مەشق و راهێنانێ بۆ مامۆستایان زێدە بکەن ، و رێنمایێت نوی بۆ بهێنە دانان.

٣. نەهێشتنا سێ دەوامیێ د یەک بینایەدا ، وە هەروەها دیتنا چارەیەکێ بو نەهێلانا قوتابخانێت تەواوکەر (المدارس التكميلية) .

٤. کرێێن وانەگوتنا مامۆستایان گەلەکا کێمە ، رێنماییێن نوی بێنە دانان ، و ب زێدە بوونا وان ، گەلەک تشتێت دیێن سلبی دێ چارەسەر بن . وەکو وانێت تایبەت ، و وەزعێ مامۆستایان ب دەوامێ ڤە .

٥. چارەیێک بۆ تاقیکرنا شەشێ سەرەتایی بێتە کرن ، چ ب تەواوی بیتە وەزاری ١٠٠٪ . یان مەدرەسی بیت .

٦. بایەخ دان ب موختەبەرێن زانستی و موختەبەرێن دەنگی و مۆزیکێ فێر کرنێ.

٧. تەلەفزیۆنا پەروەردێ دەورەکێ باش هەیە دپرۆسا فێرکرنێدا ، وپاڤەرە بێتە تطویر کرن ، وبەرنامەیێن فێربوون وپەروەردێ و روشنبیری بێنە بەلاڤەکرن ، ودانانا رێنماییێن تایبەت بۆ پەرەسەندنا وێ .

٨. دانانا رێنماییێن تایبەت ب بنکەهێن نەهێشتنا نەخوێندەواریێڤە ، چونکە سەرکەفتنەکا بەرچاڤ ب دەستڤە نینایە ، و ئەوێت هەردوو قوناغان تەمام دکەن (٦) هەیڤێن بنچینەیی و (٦) هەیڤێت تەواوکەر . بڕوانامە (دخوێنیت ودنڤیسیت) بدەنێ ، ول وەختێ تعیناتێ حیسابا هندێ بۆ بێتە کرن .

٩. بایەخ ب باخچێن ساڤا بێتە دان ، و مامۆستایێن وان بەشداری ل خولێن بهێزکرنێ بکەن ، و دەستکاری ل مفرداتێت پرۆگرامێ وان بێتە کرن . وسوود ژئەزموون وشارەزاییا وەلاتێن پێشکەفتی بێتە

مالپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

وەرگرتن .

١٠. پەیوەندی دناڤبەرا قوتابی و مامۆستایدا ، لسەر ئەساسێ پەروەردەیی بیت ، وچالاکییێن دەرڤەی سەفێ زێدە ببن ، داکو قوتابخانە زێدەتر لبەر قوتابی شرین ببیت و ئەو بخو قەستا قوتابخانێ بکەت ، وئەڤە باشترین رێکە بو کێم کرن و قەدەغەکرنا قوتان و ئیهانەکرنا قوتابی .

١١. بایەخ دانەکا زێدەتر ب چالاکییێن قوتابخانە و چالاکییێن وەرزشی بێتەدان ، و ڤەکرنا خولێن فێر کرنێ بێت تایبەت ب هونەرو وەرزشییێڤە ل پشوودانا هاڤینێ بێنە ڤەکرن ، هەروەسا وانەیا کشتوکالی ، و بایەخ دان ب باخچە و جوانکاریا قوتابخانێ.

١٢. نوێکرنا پرۆگرامێت خوێندنێ ، ب تایبەتی بابەتێن کۆمەلایەتیێ .

١٣. دیراسەت کرنا ئاستێ خوێندنێ ل قوتابخانێن خوێندنا زمانێن نەتەوەییێت دی ، و جێبەجێ کرن و پەرەپێدانا پێداویستیێن وان ، ل دیڤ زروف و ئیمکانیەتێن لبەردەست .

١٤. هاندان بو ڤەکرنا قوتابخانێن ئەهلی ، ب پێی مەرج و رێنماییێن وەزارەتا پەروەردا هەرێما کوردستانێ.

١٥. پەیرەوکرنا رێسایا پاداشت و سزای ، لسەر بنچینەیێ پلەیا معیاری بۆ مامۆستایان .

١٦. چارەسەر کرنا هاتوو چۆیا مامۆستایان ، ل شوێنێن دوور و دەوروبەرێن کۆمەلگەهان.

١٧. دامەزراندنا ئەنجومەنا پەروەردێ ل دیوانا وەزارەتێ ، بۆ هەلسەنگاندن و بریار دانێ ل سەر کاروبارێن گرنگ ل درێژیا سالێ . لدیڤ رێنماییێن تایبەتێن دەست هەلاتیا وێ .

١٨. بایەخ دان ب وانە و پرۆگرامێن کۆمپیوتەرێ چ د قوناغا خوێندنا ئامادەییدا یان ب کار ئینانا وان د لایەنێت نەخشەدانان و کارگێریدا .

لەوما پێویستە هەیکەلەکێ رێڤەبەریا وێ ژێ ل دیوانا وزارەتێ هەبیت ، و لدیڤدا ل پەروەردەیێن گشتی ل پارێزگەهان ، بۆ دیڤ چوون و ئاگادار بوون ژ پەرەسەندن و پێشکەفتنا ل سەر رویددەت کو بویە بنچینەی سەرەکی د ژیانا رۆژانەیا ئەڤرۆدا .

١٩. بایەخ دان ب چاپخانەیا پەروەردێ و زێدە کرنا تاقەتا وێ یا بەرهەمهێنانێ و باش کرنا نەوعیەتا بەرهەمێن وی ئەو ژێ ب تەنسیق کرن دگەل رێکخراوا یونیسێف و ڤەکرنا خولێن ب هێز کرنا کارمەندێت وێ .

٢٠. ئەڤ تەنسیقا دناڤبەرا هەردوو زانکۆیا ، سەلاحەدین و دهوکدا هەی جهێ پێخوشحالیا مەیە ، مە دڤێت هێشتا پێشڤە بچیت ژ ژلایێ بەشداربوونا پسپۆرێن وان بۆ کاروبارێت راوێژکاریێ و لیژنەیێن دانان وتوێژاندنا پروگرامێت خوێندنێ ، و چ ژلایێ وانە گوتنێ دخولێن مەشق و راهێنانێت مامۆستاییێت سەر ب وەزارەتا مەڤە ، و مە پێخۆشە بگەهتە ئاستێ پێوان و هەلسەنگاندنێ ژی ، وپشت راستم کو دێ ژلایێ وان ڤەژی استجابەکا باش هەبیت ، چونکە ئەمێ نەوەیەکی ئامادە دکەین و تێخینە بەردەستێ وان ، ئەوژی ب زانست و شارەزاییڤە پێشکێشی ڤی میللەتی دکەن .

ب رێزو سوپاسیاڤە مە تێبینی و پێشنیارێن هەموو جوامێرو خەمخۆرێت پەروەردەیی بەر چاڤ گرتینە وەکو لیژنا پەروەردێ و خوێندنا بالا یا پەرلەمانێ کوردستانێ و یەکەتیا مامۆستایانی کوردستان و یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان کو بەردەوام تەنسیقەکا تەواو دگەل مە کریە . و ئەو هاریکاری دێ بیتە سەرچاوە و هێزەکا مەعنەوی بۆ کارێن ڤێ کۆنفرانسێ .

زۆر سوپاسیا وەزارەتا دارایی و ئابووری دکەین کو هاوکاریەکا تەواو دگەل مە دکەن و هەموو ئیشوکارێن تایبەت ب راپەراندنا باری ئابووریڤە ب رێك و پێکی وب تەنسیقەکا هەست ب مەسئوولییەتڤە تێنە ئەنجام دان .

دووبارە سوپاسیا هەموو لایەکی دکەین.

---

هەروەها پرۆفیسۆر د. سەعدی بەرزنجی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین وتارێکی خوێندەوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە مامۆستا عەبدولعەزیز تەیب**

**بەڕێز وەزیری دارایی**

**میوانە بەڕێزەکان**

**برایان خوشکان- ئەم کاتەتان باش**

پێشەکی:- بەئەرکی سەرشانمی دەزانم کە سوپاسێکی تایبەتیو پیرۆزبایی ئاراستەی کابینەی چوارەم بکەم بۆ ئەو هەوڵ و کۆشش و گڕوتینەی کە داویەتی بە هەموو بوارەکان و لایەنەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری لە کوردستانی ئازیزماندا بەتایبەتی ئەو بایەخە گرنگەی کە کەرتی پەروەردە بەمانای گشتی واتە لە قۆناغی ساوایاندا تا دەگاتە قۆناغی دکتۆرا لە خوێندنی بالا بەهەموو قۆناغەکانی، ئەم بایەخدانە بەڕاستی دەوری گرنگی هەبووە لە بەگڕخستنەوەی پرۆسەی فێرکردن و پێگەیاندن و خوێندن و تۆژینەوەی زانستی لە هەموو ئاستەکاندا، بێگومان بەبۆنەی ئەم کۆنفرانسەوە زۆر پێویستە

www.moe-krg.com



پیرۆزبایی و دەست خۆشی لە وەزارەتی پەروەردە و لە هەموو کارمەندان و لەسەرووی هەموویانەوە شەخسی جەنابی وەزیری پەروەردە کە بەراستی شاهێدیەکی حەقیان بۆ بدەین لەم ماوە کەمەیدا کە کابینەی چوارەم دروست بووە واتە لەم (٩) مانگەدا ئەبینین چالاکییەکی چڕوپڕو بەرچاوو مەدروس و رێک و پێک لە کەرتی پەروەردەوە دەست ئیشان دەکرێ و بەردەوام ئەو چالاکییە بەرەو پێش ئەبرێت بۆ خزمەتی منداڵان و گەنجانی میللەتەکەمان هەروەها چاوەڕوان دەکرا لە جەنابی وەزیری کابینەی چوارەم و هەموو جەلسەی پەروەردە کە جەنابی کاک (نێچیرڤان بارزانی) بەو گرنگییەوە رۆڵی مامۆستایانی کوردستانی دەرخات. هەزار سوپاس بۆ هەموو مامۆستایانی کوردستان لە هەموو قۆناغەکاندا وە ئینشاللە خوای گەورە پشت و پەنایان دەبێت سەرکەوتوو دەبن بۆ ئەوەی ببنە دایەمۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان.

بەڕێزان خۆشکان برایان

ئێمە لە زانکۆی سەلاحەدین پرۆسەی فێرکردن و پێگەیاندن لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی کە وەزارەتی پەروەردە لێیان بەرپرسیارە لەگەڵ قۆناغەکانی خوێندنی باڵا واتە (Under- and post- grzduate) لە زانکۆو پەیمانگە تەکنیکیەکان بە تەواوکەری تێهەڵکێش و کاریگەری لەسەر یەکتریان دەزانین و هەر بەو چاوەش تەماشای دەکەین و هەنگاوی هەماهەنگی وهاوکاریمان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەڵهێناوە بۆیە بە کورتیش بێت بە پێویستی دەزانین بیروڕاو بۆچوونی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز بکەین کە بریتین لە هەندێ خاڵ هەندێکیان ئامادەی [illegible] ئامادەو پێنەکراوە بە پێویستی دەزانین بیرو راو بۆچوونی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز بکەین:-

١- بەپێویستی دەزانین کە ئەم کۆنفرانسە ستراتیجیەتێک بۆ کەرتی پەروەردە دابڕێژێت و ئامانجە دوورەکانی ئەم پرۆسەیە واتە پرۆسەی پەروەردەو پلانی جێ بەجێ کردنیان بۆ دابنێ.

٢- بە رای ئێمە دەبێ یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم کۆنفرانسە نوێکردنەوەو (Up to date) کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و وانەکانی مێژو و جوگرافیاو پەروەردەی نیشتمانی و ئاینی بێت.

٣- دەبێ سوود لە بەرهەمەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی، بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر بۆ بەرەوداچوون و پێشکەوتنی زانستی و شارستانی و پرۆسەی فێرکردن بە چڕی وەربگیرێت.

٤- پێویستە نوێکردنەوەی جۆرو سیستەمی خوێندن وهۆکارەکانی روونکردنەوەو شیکردنەوەو پێگەیاندن بەئەنجام بگەیەندرێ و پیادە بکرێت.

٥- سوود وەرگرتن لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و فێرکردنی سەرهێڵ (On line education) و لە دوورەوە فێرکردن و فێرگەی ئازاد (Open school) بەهۆی ئامێری تەکنەلۆژیاو گەیاندنی نوێوە.

٦- دروستکردنی هارمۆنی زنجیرەیی و یەک تەواوکردن لەنێوان خوێندنی دواناوەندی و خوێندنی باڵا، بە جۆرێک کە خوێندنی دواناوەندی ڕێخۆشکەرو پەیژە بێت بۆ گەیاندن بە قۆناغی خوێندنی باڵا، لەوانە نەبوونی ئەو هارمۆنیەکە هۆکاری سەرەکی ئەو گرفتانە بێت کە هەندێ قوتابی زیرەک لە پۆلی یەکەمی زانکۆدا رووبەرووی دەبنەوە بە تایبەتی لە کۆلیژی ئەندازەو کۆلیژە پزیشکییەکان.

٧- پێویستە قوتابی لە قۆناغی سەرەتاییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ماقەکانی مرۆڤدا پەیدا بکات، بۆیە پێشنیاز دەکەم ئەو سی (٣٠) مادەیەی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ (الاعلان العالمی لحقوق الانسان) ج لە پۆل (٥، ٦)ی سەرەتایی ج لە قۆناغی ناوەندی بخوێندرێت.

٨- پێم باشە کۆنفرانس دراسەتی گێڕاندنەوەی دەستووری جارانی تاقیکردنەوەی بەکالۆریای ئامادەیی بکات، واتە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا لە بەرنامەی دوو ساڵی کۆتایی ئامادەیی، واتە لەپێنج و شەش بێت نەوەک تەنیا لەبەرنامەی پۆلی شەش دابێت. جاران قاعیدەی زانیاری و زانستی دەرچووی ئامادەیی بەهۆی ئەو دەستوورەوە فراوانتربوو بە رای ئێمە، بۆیە ئێمە داوای دراسەتکردنی ئەم پێشنیارە دەکەین.

٩- هەوڵدان بۆ درێژکردنەوەی کاتی دەوام بەجۆرێک کەقوتابی کاتێکی

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moekrg.com



درێژتر لە قوتابخانە بەسەربەرێت ڕۆژی پێنج شەممە بکرێتە بە ڕۆژی پشوو لەگەڵ ڕۆژی هەینیدا.

١٠- هەوڵدان بۆ ئەوەی بایەخێکی تایبەت بە وانەی زمانی ئینگلیزی لە قۆناغەکانی خوێندن و پەروەردە بە ڕێگای (Audio visual) و تاقیگەی زمان بدرێت.

١١- بایەخێکی زۆر بە مامۆستایانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بدرێت هەموو مەرجەکانی زانستی و پەروەردەیی و دەروونزانییەکان تێدا کۆببێتەوە.

١٢- چرکردنی خولی هاوینە بۆ مامۆستایان لەهەموو قۆناغەکان و بوارەکانی پەروەردەدار نییە وەکو زانکۆ بۆ هەموو هاوکارییەک لەم بارەیەوە ئامادەین.

١٣- بایەخدان بەوانەی وەرزش وهونەر.

١٤- تاوتوێکردنی پرۆژەی کردنەوەی کۆلێژی مامۆستایان (كلية المعلمين) و ئەگەر بتوانین ژمارەیەک لە هەڵگرانی ماستەر لە قۆناغی ئامادەیی و پەیمانگەی مامۆستایان بەهەموو ئەو ئیمتیازاتانەی لە زانکۆ وەردەگیرێت.

---

پەیام وتاری مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەلایەن بەڕێز مامۆستا یوسف عەزیز سالح سکرتێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان خوێنرایەوە، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێز نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان...

بەڕێز وەزیری پەروەردە

میوانانی خۆشەویست...

خۆمان بەبەختەوەر دەزانین بەناوی مەکتەبی سکرتاریەتی (ی.م.ک) دەست خۆشیتان لێ بکەین بەبۆنەی بەستنی دووەم کۆنفرانسی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی پەروەردە لەماوەی ڕابوردوودا هەوڵی داوە کۆسپ و تەگەرەکانی ڕێگای پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەکوردستان چارەسەر بکات و هەڵوێستی (ی.م.ک) هەردەم ڕوون و ئاشکرا بووە لەپشتیوانی و پشتگیری هەنگاوە یەک لەدوای یەکەکانی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانمان لەپەروەردە کردنی نەوەی دوا ڕۆژی میللەتەکەمان.

ئاشکرایە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەسایەی کابینەی چوارەم و وەزارەتی پەروەردە بەرەو پێشەوە دەچێت کەمایەی دڵخۆشی و هەڵسەنگاندنی بێ ئەندازەی ئێمە بووە.

بڕیاری زیادکردنی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان بەڕێژەی ١٠٠٪ هەنگاوێکی پیرۆزو وەرچەرخانێک بوو لەچاک کردنی باری ژیانی مامۆستایان و بەرز کردنەوەی ئاستی گوزەرانیان، ئومێد دەکەین بەردەوام بین لەپشتگیری و هەماهەنگی مامۆستایانی کوردستان و ڕەچاو کردنی پێداویستییەکانی ژیانێکی هاوچەرخ بۆ خۆیان و خێزانیان لەڕووی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی لەگوندو دێهاتە دوورەکانی کوردستان وانە دەڵێنەوە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد لەخوێندن و پەروەردەکردن بێ بەش نەبن. هەروەها هەوڵ دان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی خوێندن ئەرکی سەرشانی مامۆستا ئاسان تر دەکات. دووبارە دەست خۆشیتان لێدەکەین، پەیمان دەدەین یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هاوکار بێت لەپێناو ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ نەوەی دوا ڕۆژی میللەتەکەمان و ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

لەگەڵ ڕێزمان

**یەکێتی مامۆستایانی کوردستان**

**مەکتەبی سکرتاریەت**

٢٠٠٠/٩/١٢

---

هەر لەدانیشتنی کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا چەند بروسکەیەکی دامو دەزگاکانی حکومی و جەماوەری خوێندرانەوە کە ئەمەش دەقەکەیانە:

**بەڕێز وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان ئەندام و بەشداربووانی کۆنفرانسی دووەمی پەروەردەیی**

بەناوی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان گەرمترین

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com




پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین بەبۆنەی دەست پێکردنی ئەم کۆنفرانسە پەروەردەییەو لەژێر ئەم دروشمە پیرۆزەوە (لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو زانست لەکوردستانێکی خالی لەنەخوێندەواری)، داوای سەرکەوتن بۆ ئێوەو کۆنفرانس دەخوازین و ئومێدەوارین بەهەموو لایەکمان هەوڵ بدەین کەئەو کۆسپانەی دێنە ڕێگای پەروەردەو فێرکردن دەستنیشان بکەین و چارەسەری گونجاویان بۆ دابنێین.

لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا

**لیژنەی پەروەردەو**
**خوێندنی بالا لە پەرلەمانی**
**کوردستان**

---

**بۆ/ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی**
**کوردستان**

**سلاوی ئاشتی و یەکسانی**

بەناوی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرجەم لقەکانمان گەرمترین و جوانترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین بەبۆنەی بەستنی ئەم کۆنفرانسە پەروەردەییە.

ئومێدەوارین سەرکەوتووبن لەکارەکانتان و ئەم کۆنفرانسەش ببێتە هۆکارێکی تری زیاتر خزمەت گەیاندن بەڕۆڵەکانی میللەتەکەمان لەڕێگەی داڕشتنی نەخشەو پلانی گونجاوی سەردەمانە بۆ پێشخستنی پەروەردەو زانست لەکوردستانی خۆشەویستدا.

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە

ئێمەش لەیەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەکو دایک و وەکو مامۆستا

www.moe-krg.com

هەروەکو مێژووی (٤٨) چل و هەشت ساڵەی خەباتمان شایەدی ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی یەکێتییەکەمانە بۆ زیاتر ڕێکخستن و پێشخستن و چەسپاندنی پەروەردەو فێرکردن و نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی تەوژمی بەهەمان شێوە پەیمان دووبارەو نوێ دەکەینەوە لەخزمەتی ئەم ڕێگا پیرۆزە دابین کە دەروازەی گرنگی گەیشتنمانە بە قۆناغێکی پێشکەوتووترو هاوچەرخانەتر.

– سەرکەوتووبێ هەوڵەکانی کابینەی چوارەم بۆ پێشخستنی پەروەردە.

– بەرزتربێت ئاستی زانست لەکوردستان.

هەر سەرکەوتووبن

**مەکتەبی سکرتاریەت**
**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**

**پیرۆزبایی**

ئەم خوە بەختەوەر دبینین کو پشکداریێ دکونگرێ هەوەدا دکەین هیڤی خوازین کونگرێ پەروەردەیێ ببیتە پالپشتێ پێشکەفتنا خەلکێ مە خەلکێ کوردستانێ و ببیتە بناغە کا مکوم بو چەسپاندنا یاسایێ کو دروشمێ کابینا چواریێ یە و هووین ڕێبازا بارزانیێ ئەم بکەنە پشکەک ژ پلانێت پاشەرۆژێ، دا زارۆیێت مە بێنە پەروەردەکرن و ڤینا مللەتێ کوردو ولاتێ وان ببیتە پشکەکێ ژکیانێ وان…

هەر سەرکفتی بن

**شاندێ زانکۆیا دهۆک**

٢٠٠٠-٩-١٢

---

**بروسکەی پیرۆزبایی**

گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی لەکۆنگرەکەتان دەکەم کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەبینێ لەپێناوی پێشکەوتنی ڕەوتی پەروەردەو زانست، ئێمە وەك دەستەی پەیمانگا تەکنیکییەکان هەردەم ئامادەین لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی قوتابییە پیشەییەکان، بۆ خزمەت کردنی کوردو کوردستان لەپێناو نەهێشتنی نەخوێندەواری. هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەخوازم.

**د. کەوسەر گەلالی**
**سەرۆکی دەستەی پەیمانگا**
**تەکنیکیەکان**

٢٠٠٠/٩/١٢

---

**بەڕێز دووەم کۆنفرانسی پەروەردەیی**

**سلاوێکی شۆڕشگێرانە**

بەناوی خۆمان و هەموو منداڵانی کوردستان پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی بەڕێز وەزیری پەروەردەو

هەموو بەشداربووانی کۆنفرانسی دووەمی پەروەردەیی دەکەین.

دەستتان خۆش پیاوانی ماندوو نەناسی پەروەردە. کە هەردەم بەپەرۆشن بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەی پەروەردە لەکوردستانی ئازیزدا.

هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەخوازین.

هیوادارین بڕیارو ڕاسپاردەکانی جێگای ڕەزامەندی هەموو لایەک بێت. دووبارە پیرۆزباییمان قبوڵ بفەرموون.

**مەکتەبی سکرتاریەت**

**یەکێتی پێشەنگانی کوردستان**

٢٠٠٠/٩/١٢

---

**ل/ نڤیسینگەها پەرلەمانتارێن کوردستانێ ل پارێزگەها ئاکرێ**

**بۆ/ سەرۆک و ئەندامێت کۆنفرانسێ دوویێ پەروەردێ**

ب هەلکەفتنا گرێدانا کۆنفرانسێ وەیێ بەرێز کونفرانسێ دوویێ پەروەردێ ل پایتەختا هەرێما کوردستانێ پیرۆز دل پیرۆزباهییێت خو و خەلکێ پارێزگەها ئاکرێ ژ سەرۆک و ئەندام و میهڤانێن کۆنفرانسێ رادگەهینین هیڤی و ئومێدامە سەرکەفتنا ڤی کۆنفرانسییە ژبو دانانا نەخشە و پلانێت رێک و پێک بۆ پێشڤەبرنا پرۆسیسا پەروەردێ لهەرێما کوردستانێ وبەرنامەیەکێ هەژی ئەڤروکە بێتە دارێشتن بۆ پرۆگرامێت خوێندنێ کە سالەها سالێ بوو خەلکێ مە دووچار ببوون و گیرۆیێن گرنگ پێنەکرن ل ئاستێ پەروەردێ کو هەژی ئەڤروکە بیت لکوردستان ژی ل ناڤ جیهان گەریەکا پێشکەفتی داخوبینیت دەستێ مە ناڤ دەستێ وەدا بۆ بجهـ ئینانا بەرنامێ کابینا چارێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کە بچیت بەرەڤ کوردستانەکا ڤالاژ نەخوێندەواریێ.

ئەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدێن بزاڤا رزگاری خوازی یا کوردستانێ و سەروەرێ شەهیدان مامۆستایێ کوردینییێ مستەفا بارزانی و کاک ئیدریسێ هەردەم ساخ.

هەربژین بۆ کورد و کوردستانێ

**رەجەب شەعبان**

**نڤیسینگەها ئاکرێ**

٢٠٠٠/٩/١٢

---

**بۆ بەرێز/ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

سڵاوی زانست و خەبات...

گرێدانی کۆنفرانسی پەروەردەییتان لەئاستی بەرزی وەزارەت دا، کارێکی زانستی گەورەیەو هەنگاوی سەرەتایی پێویستە بۆ سەرەتای هەر ساڵێکی خوێندن. لەدارشتنی بەرنامەی تەلایەنی گونجاو بۆ زیاتر گەشەو پێشخستن و سەرخستنی ئاستی زانستی و پەروەردەو فێربوون لەکوردستاندا.

لەبەرچاوی چەندین بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لەبەر دەست دان کەوا لەسەردەمی هەردوو کابینەی (سێ و چوار)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا، وەزارەتی پەروەردە گەشەی بەخۆیەوە بینیوەو دەوری ئیجابی گێراوە لەبەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکەی سەرشانیان لەبەرزتر کردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و... خوێندن و فێربوون و... زانست لەکوردستان دا. گرنگییەکی زۆر بەرچاو لەبواری پەروەردەیی دراوە هەر لە...

١- دروست کردن و نۆژەن کردنەوەو فراوانترکردنی چەندین قوتابخانە لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان.

٢- دابین کردنی زۆر لەپێداویستییەکانی خوێندن و... قوتابیان و قوتابخانەکان.

٣- لاکردنەوە لەبژێوی گوزەرانی ناهەمواری مامۆستایانی کوردستان.

٤- دابین کردنی هاتن و چوون لەچەندین شوێنی جیاجیادا.

٥- ڕووپێوی پەروەردەیی و بەرنامە دارشتنی (خوێندنی تەوزیعی) بەردەوامی هەیە.

٦- ئەنجامدانی چەندین فیستیڤاڵی وەرزشی لەسەر ئاستی پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان.

٧- کردنەوەی چەندین خێوەتگای دیدەوانی لەسەر ئاستی پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان

٨- گرنگی دان بەکتێبخانەی قوتابخانەکان.

٩- ئەنجامدانی چەندین چالاکی هونەری قوتابی و قوتابخانەکان.

١٠- گرنگی دان بە (خولی بەهێزکردن) بەشێوەیەکی فراوان بۆ ئەمساڵی خوێندن.

ئێمە لە(یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ەوە لەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچاوەڕوانی ئەوە داین:

١- ئەوەی دەکرێت و (مومکینە) گۆڕین لە(مەنهەجی) خوێندن دا بکرێت.

٢- گرنگی بەکۆبوونەوەی باوکان و دایکان لەقوتابخانەکان دا بدرێت.

٣- ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەسەرمان فەرز دەکەن کەوا لەقوتابخانەکان دا گرنگی بەپەروەردەی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بدرێت.

٤- بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان. ڕوون کردنەوەی پێویستیان بۆ بدرێت لەقوتابخانەکان دا.

٥- سروودە دیارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەقوتابخانەکاندا بڵێننەوە.

٦- کردنەوەی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی (کوڕان و کچان) لەپارێزگای سۆران.

٧- گرنگی دان بەخوێندنی ئامادەییە پیشەییەکان.

مالپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

٨- گرنگی دانی زیاتر بەخوێندنی شوێنە دوورەکان. بەتایبەتیش لەقۆناغی ئامادەییدا، بەمامۆستای شارەزای پسپۆر (اختصاصی).

٩- دابەشکردنی (مەلزەمە)ی قوتابیان تەنها لەیەک ناوەندی دیاری کراوەوە بێت.

١٠- رێگە لەوانەبێژی (خصوصی) بگیرێت.

١١- دابینی هاتووچۆی قوتابیان لەشوێنە پێویستیەکان.

١٢- داواکارین کەوا وەزارەتی پەروەردە بڕیاری بەشداری کردنی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی قوتابیان بدات لەکۆبوونەوەی (ئیدارەی قوتابخانەو پەیمانگاکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردەو تا بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەکان). لەکاروباری تایبەت بە(قوتابیان خۆیاندا.

کە خۆی لەخۆیدا ئەمەش دەبێتە بەهێزکردنی یەک جێگاو یەک ناوەندی خوێندن بەمامۆستای شارەزاو پسپۆر کە سوودی زیاتر بەقوتابیان بەگشتی دەگەیەنێت نەوەکو چەند ناوەندێکی بڵاوی خوێندن هەبن و لەهەموو ئەم ناوەندانەش گرفتی کەمی مامۆستاو مامۆستای (اختصاص)یش هەبن واتە ئەم دابینی هاتن و چوونی قوتابیان بۆ یەک (مرکزی) خوێندن دەبێتە چارەسەری ئەم گرفتە گەورەیە.

بێگومان وە انشاء اللە ئێمەیش لە(یەکێتی قوتابیانی کوردستان)دوە پشتیوانی تەواوی کارو بەرنامەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبین لەجێی خۆشیەتی هەر لەم مینبەرەی ئەم کۆنفرانسەدا سوپاسی بێ پایانی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) ئاراستەی کاک (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و ئەنجومەنی وەزیران و هەروەها وەزارەتی پەروەردە بکەین بەو هاوکاری و پاڵپشتیە (ماددی و مەعنەوی)یەی کەوا لەیەکێتیەکەمان (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) یان کردووە.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ کاروبەرنامەی کۆنفرانس...

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**
**مەکتەبی سکرتاریەت**
٢٠٠٠/٩/١٢

---

هەروا لەدانیشتنی یەکەمدا، بەشداربووان بەپێی ئارەزوو و پسپۆری و رادەربڕین بەسەر لیژنەکانی کۆنفرانسەکە دابەش کران و، دوای ناونووس کردنی ئەندامەکان، ئەم لیژنانەی خوارەوە لەلایەن کۆنفرانسەوە پەسەندکران:

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

١- لیژنەی دارایی.
٢- لیژنەی چاپخانە.
٣- لیژنەی فرۆشگای قوتابخانەکان.
٤- لیژنەی کارگێڕی.
٥- لیژنەی کۆگاکان.
٧- لیژنەی خوێندنی سەرەتایی و باخچەی ساوایان.
٨- لیژنەی پەیمانگاکان.
٩- لیژنەی چالاکی قوتابخانەکان.
١٠- لیژنەی پەروەردەیی وەرزشی.
١١- لیژنەی خوێندنی پیشەیی.
١٢- لیژنەی خوێندنی تورکمانی.
١٣- لیژنەی خوێندنی سریانی.
١٤- لیژنەی ئیزدیاتی.
١٥- لیژنەی خوێندنی بەزۆرە نەهێشتنی نەخوێندەواری.
١٦- لیژنەی پرۆگرامەکان.
١٧- لیژنەی بڕیاری ٩٨٦.
١٨- لیژنەی سەرپەرشتیاری و ئامادەو مەشق کردن.
١٩- لیژنەی نەخشەکێشان.
٢٠- لیژنەی ئەزموونەکان و هەڵسەنگاندن.
٢١- لیژنەی بیرانامەکان.
٢٢- لیژنەی راگەیاندن.

دانیشتنی دووەم لەرۆژی یەکەمدا رۆژی دووەم هەمووی تەرخان کرا بۆ دیراسەت کردن و گفتوگۆکردنی راپۆرتە ئامادەکراوەکانی لیژنەکان، لەمیانی ئەو رۆژو ئێوەدا پوختەی راپۆرتەکان لەلایەن ئەندامانی لیژنە تایبەتیەکانەوە پەسەند کران و خرانە بەردەستی لیژنەی سەرپەرشتکاری کۆنفرانسەکەو، لەهەردوو دانیشتنەکانی رۆژی سێیەمدا راپۆرتەکان هەر یەکەو لەلایەن سەرۆکی لیژنەوە خوێندرایەوەو بڕگەکانیان خرانە دەنگدان و خاڵە پەسەندکراوەکان لەلایەن لیژنەی دارشتنەوە تۆمارکران. ئەمەش دەقی راسپاردەو پێشنیارو بڕگەکانی تایبەت بەئەزموونەکان و کاروباری داراییەوەن.

# راسپاردەکانی دووەم کۆنفرانسی پەروەردەیی

**فرۆشگای قوتابخانەکان:-**

١. گۆڕینی رێژەی داهاتی فرۆشگاکان بە:-

أ- ١٥٪ بۆ دیوانی وەزارەت و ١٥٪ بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان.

ب- ٧٠٪ بۆ قوتابخانە، واتە دەبێت لە ١٠٠٪ بۆ قوتابخانە بەم شێوەی خوارەوە دابەش بکرێت:-



١- ٤٥٪ بۆ کاروباری قوتابخانەکەو ٢٠٪ بۆ چالاکی قوتابخانە، ٣٥٪ بۆ کاروباری کارگێڕی.

٢- ٣٥٪ بۆ چالاکی وەرزشی و هونەری، ٢٠٪ وەرزشی، ١٥٪ هونەری.

٣- ٢٠٪ بۆ یارمەتیدانی قوتابیانی هەژارو پاداشتی قوتابیانی سەرکەوتوو.

## لیژنەی کارگێڕی

٢. کردنەوەی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێ هەیە، ئەگەر ئیمکانیات هەیە بکرێتەوە.

٣. پێداچوونەوە بۆ ئەو رێنماییانەی کە پەیوەندی بەبەڕێوەبەرایەتی قەزاکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێڕی تەکنیکییەکان.

٤. یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بێتێت و لەداهاتوودا وەکالەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەدرێتە یەکێک لەیاریدەدەرەکان.

٥. ماوەی خانەنشین بوون هەروەک خۆی (١٥) ساڵ بمێنێتەوە.

## لیژنەی کۆگاکان

٦. کەل و پەلە لەکار کەوتووەکان (ئەوانەی تەمەنیان بەسەر چووە) یا لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان کۆبکرێتەوە بۆ فرۆشتنیان یان لەناوبردنیان بەپێی رێنماییەکان.

## لیژنەی دواناوەندی



٧. هەماهەنگی نێوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی تەندروستی بۆ زیاتر وردبوونەوە لەکاتی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی بۆ مامۆستایان و قوتابیان.

٨. خەرج کردنی ئەو دەرماڵەیەی مامۆستایانی زانکۆ بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستێرو سەرەوە تر لەمیلاکی وەزارەتی پەروەردە.

٩. دابین کردنی ئامێری کۆمپیوتەر بۆ هەموو قوتابخانە دواناوەندییەکان.

١٠. بوژاندنەوەی رۆڵی پەروەردەیی لە قوتابخانەکان.

١١. بایەخ دان بەخولی بەهێزکردنی قوتابیان لە هەموو شارۆچکەکان.

١٢. گرنگی دان بە پەرتووکخانەی قوتابخانەکان.

## لیژنەی سەرەتایی

١٣. کردنەوەی کۆلێژی مامۆستایان (كلية المعلمين).

١٤. یەکسان کردنی دەرماڵە بۆ سەرپەرشتیاری پسپۆڕی پەروەردەیی لەپارێزگاکان هەروەها دەرماڵەی خۆجێیەتی بەڕێوەبەرو یاریدەدەرو گشت مامۆستایان لەکاتی پشووی هاویندا.

١٥. بایەخ دان بە دابین کردنی هۆیەکانی فێرکردن (الوسائل التعليمية) بۆ سەرجەم بابەتەکان و لەگشت قۆناغەکانی خوێندن.

١٦. کردنەوەی هۆبەی تایبەت بۆ خوێندنی تایبەت (التربية الخاصة) و دابین کردنی کادری بە توانا و لێهاتوو بۆ ئەم بوارە.

١٧. زیاتر بایەخ دان بەکۆبوونەوەی باوکان و دایکان لە قوتابخانەکاندا.

١٨. پابەند کردنی ئیدارەی قوتابخانەکان بەگشتی بە:-

أ- ریزکردنی قوتابیان لەرۆژانی پێنج شەممە.

ب- بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان.

ج- سروودی نیشتمانی لەگەڵ وتەیەکی ئامۆژگاری لەلایەن بەڕێوەبەر.

د- دانانی تابلۆی زیرەکی بۆ قوتابییە زیرەکەکان.

ه- نیشانەی زیرەکی بدرێتە قوتابیانی زیرەک.

١٩- هەوڵ دان بۆ کردنەوەی پەرتووکخانەی منداڵ (مكتبة الطفل) لەقۆناغی سەرەتاییدا.



ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

## لیژنەی پەیمانگاکان

٢٠. هەوڵدان بۆ دروست کردنی بینایەی تایبەت بۆ پەیمانگاکانی



مەڵبەندی مامۆستایان لەهەولێر و دهۆك. هەروەها بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان.

٢١. بایەخ دان بە میلاکی پەیمانگا مەڵبەندییەکان و ئامادەکردنی مامۆستایان لەڕووی زانستی و پەروەردەیی.

٢٢. هەوڵدان بۆ چاك کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان و گووتنەوەی وانەی دەروونناسی و ڕێگاکانی وانە وتنەوە بەقوتابیانی ئەو پەیمانگایە بۆ زیاتر شیاندنیان.

٢٣. پەیوەندی پەیمانگاکان لە هەموو ڕوویەکەوە (کارگێڕی و تەکنیکی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانەوە دەبێت.

## لیژنەی چالاکی قوتابخانەکان

٢٤. زیادکردنی ژمارەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی هونەری.

٢٥. بایەخ دان بەباخچەی ساوایان لەڕووی دابین کردنی مامۆستای هونەری و کادیری مۆسیقی.

٢٦. دروست کردنی بینایەکی شیاو بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان لەدهۆك.

٢٧. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هونەری مامۆستایانی پەروەردەی هونەری، خولی شیاندنی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە.

٢٨. گرنگی دان بەتەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆ ئەوەی چالاکی قوتابخانەکان سوودی لێ وەربگرێت.

ماڵپەری وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com



## لیژنەی پەروەردەی وەرزشی

٢٩. دروست کردنی یاریگایەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا، هەروەها لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان.

٣٠. دروست کردنی هۆڵی داخراو لەپارێزگاکان.

٣١. کردنەوەی خولی بەهێزکردن و خولی ئاوبژێوانانی مەشق پێکردنی مامۆستایانی وەرزشی.

٣٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە خاوەن دەسەڵاتە لەرێکخستنی میلاکی چالاکی وەرزشی لەرێگەی یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی و پەروەردەییەوە.

٣٣. دانانی بەشی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی لەپەروەردەی قەزاکان.

٣٤. دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ چالاکی وەرزشی پارێزگاکان بۆ ئاسان کردنی کاروباری وەرزشی.

## لیژنەی پیشەیی

٣٥. وەرگرتنی (٣) قوتابی یەکەمی هەر پسپۆڕییەك لە هەر پارێزگایەك لەزانکۆکانی هەرێم بەمەرجێك تێکڕای نمرەکانیان لە (٧٥) نمرە کەمتر نەبێت.

٣٦. هەوڵ بدرێت بۆ وەرگرتنی دەرچووانی قوتابخانە پیشەییەکان لەپەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان.

٣٧. وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییەکان بەرێژەی ٧٥٪ لەوانەی کە دەمێننەوە لەپەیمانگا تەکنیکییەکان.

٣٨. دابین کردنی کارەبا بۆ ئامادەییە پیشەییەکان لەرێگای کارەبای نیشتمانی یان لەرێگەی دابین کردنی مۆلیدەی تایبەت بە خۆیان.

٣٩. هاندانی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ دەرخستن و چوونە قوتابخانە پیشەییەکان.

## لیژنەی خوێندنی تورکمانی

٤٠. دووبارە چاپێداخشاندنەوە



بەپرۆگرامی تایبەت بەقوتابخانە تورکمانییەکان لە هەردوو بابەتی



کوردیو تورکمانیو وەرگرتنی رای قوتابیو خێزانەکانیان بۆ یەک لاکردنەوەی ئەم بابەتە.

٤١. چاپکردنی بابەتەکانی خوێندنی تورکمانی لەچاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان بەسەرپەرشتی لیژنەی پرۆگرامەکانی خوێندنی تورکمانی بەنوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.

٤٢. دانانی پلانێکی یەکگرتوو بۆ خوێندنی تورکمانی لەگشت قوتابخانەکانی تورکمانی لەهەرێمی کوردستان داو بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە.

٤٣. قوتابخانەی (فضولی) بۆ خوێندنی تورکمانی لەدهۆک لەرووی تەکنیکییەوە بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی تورکمانی بێت.

٤٤. لەبەر بەرژەوەندی گشتیو مسۆگەر کردنی دوا رۆژی رووناکی رۆڵەکانمان. پێشنیاری ئەوە دەکەین لەگشت قوتابخانەکانی خوێندنی تورکمانی تەنها یەک بابەت بکرێت بەزمانی تورکی وە بابەتەکانی تر هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەمە بەسوود ترین رێگا چارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خوێندنی تورکمانی.

٤٥. دابین کردنی مامۆستایانی پسپۆر لەگشت بابەتەکانی قۆناغی خوێندنی دواناوەندییە تورکمانیەکان، چونکە زۆربەی بابەتەکانی زانستی لەلایەن وانەبێژانەوە دەگوترێتەوە.

٤٦. دابین کردنی پێداویستییە زانستیەکان بۆ قوتابخانەکانی خوێندنی تورکمانی هەروەکو ئامێری کۆمپیوتەر.

**لیژنەی سریانی**

٤٧. هەوڵ بدرێت لەگەڵ مێژووی کوردو کوردستان بایەخ بەمێژووی نەتەوەکانی دیکە بدرێت، وەک (تورکمانی، سریانی).

٤٨. دراسەت کردنی باری خوێندنی سریانی لەدهۆک بەرەو چاکتر ببرێت.

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

٤٩. پێوانەی سەرژمێری قوتابیانی مەسیحی بکرێت بە ٣٠٪ لەبری ٤٠٪ بۆ خوێندنی ئایینی مەسیحی.

٥٠. کردنەوەی بەشی سریانی لەیەکێک لەپەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان بەپێی ئەو رێنماییانەی کە وەزارەت دیاری دەکات.

٥١. بەدەرکردنی قوتابخانە سریانییەکان لەبری تێکەڵ کردنی (دمج)ی پۆلەکان لەقۆناغی سەرەتایی.

٥٢. دراسەت کردنی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ خوێندنی سریانی لەئایندەدا.

**لیژنەی خوێندنی تەوزیمی**

٥٣. گۆڕینی زاراوەی (خوێندنی بەزۆر) بۆ خوێندنی تەوزیمی.

٥٤. لە هەر شوێنێک قوتابخانەی تایبەت بەنەوجەوانان نەبێت قوتابخانەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە.

٥٥. هاندانی کەناڵە جیاجیاکانی راگەیاندنی هەرێم بۆ گرنگی دان بەخوێندنی تەوزیمی.

٥٦. نابێ بەهیچ بڕو بیانوویێک بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان قوتابی بێ بەش بکەن لەخوێندن بەرەچاوکردنی دابەش کردنی پێگەی جوگرافی قوتابخانە.

٥٧. بۆ زیاتر پابەندبوونی قوتابیانی خوێندنی نەوجەوانان وا باشە پرۆژەی دابەش کردنی خۆراک بیانگرێتەوە.

**لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری**

٥٨. پێک هێنانی لیژنەی باڵای نەهێشتنی نەخوێندەواری بەسەرۆکایەتی وەزیری پەروەردەو ئەندامیەتی بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و لیژنەی لقیەکانیش



لەپارێزگاکان بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە دەبێت.

٥٩. ئەگەر قوتابی دەرچووی پۆلی دووەمی سەرەتایی بوو بۆی ببێت لەقۆناغی تەواو کردن پەرە بەخوێندنی خۆی بدات.



٦٠. ئەو شوێنانەی قوتابخانەی ئەرجەواناتی تێدا نییە تەمەنی (١٣) ساڵ لەبنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری وەردەگیرێ.

٦١. دابین کردنی ئامێری کۆمپیوتەر بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەدیوانی وەزارەت.

٦٢. دابین کردنی هۆیەکانی گواستنەوە (ئۆتۆمبێل) بۆ بەڕێوەبەرایەتی و هۆبەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەپەروەردەی پارێزگاکان.

٦٣. کردنەوەی خولی راهێنان بۆ ئەو مامۆستایانەی کە وانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەڵێنەوە بەپێی رێنماییەکان.

٦٤. دابینکردنی بینایەی پێویست بۆ بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەکاتی نەبوونی شوێن لەقوتابخانەکاندا.

٦٥. رەچاوکردنی بڕوانامەی (دەخوێنێت و دەنووسێت) بۆ دەرچووانی فێرخوازانی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەکاتی دامەزراندندا.

٦٦. دابین کردنی سەرچاوەی تایبەت بەپرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و هەروەها ئەو تۆژینەوە جیهانیانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

٦٧. بەخش کردنی وانەی تایبەتی بەنەهێشتنی نەخوێندەواری لەرێگای تەلەفزیۆنی پەروەردەیی.

**لیژنەی ئێزیدیاتی**

٦٨. زیاد کردنی تیراژی کتێبی ئێزدیاتی بۆ هەر شەش پۆلی سەرەتایی.

٦٩. کردنەوەی خولی پەروەردەیی بۆ مامۆستایانی وانەی ئێزدیاتی.

٧٠. هەوڵدان بۆ دابین کردنی پرۆگرامی ئێزدیاتی بۆ قۆناغی ناوەندی.

٧١. بەزیاد کردنی مێژووی ئێزدی لەوانەکانی مێژووی گەلی کوردو کوردستان.

**لیژنەی پرۆگرامەکان**

٧٢. بایەخ دانی زیاتر بە بە چاپ گەیاندنی کتێبەکانی خوێندن لەچاپخانەی وەزارەتی پەروەردەو ئەو کتێبی خوێندن وەستا بێت کتێبی لاوەکی چاپ نەکرێت.

٧٣. هاندانی لایەنی پەیوەست بەکاری پەروەردەیی بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی پاراستنی کتێب لەقوتابخانەکاندا.

٧٤. چاوپێکشاندنەوەی بابەتی پرۆگرامەکانی کۆمەڵایەتی (مێژوو- جوگرافیا- پەروەردەی نیشتمانی).

٧٥. ئامادە کردنی رابەری بابەت بۆ هەموو بابەتەکانی خوێندن و لەگشت قوناغەکانی خوێندندا.

٧٦. دەرلەبەندکردنی کتێبەکانی زمانی کوردی لەو بابەتانەی کە لەواقیعی کوردەواریدا هەڵقوڵاو بێت.

٧٧. زیاتر بایەخ دان بەپەرتووکخانەی قوتابخانەکان و پاراستنی و کردنەوەی خولی تایبەت بۆ کارمەندانیان.

**لیژنەی سەرپەرشتیاری و ئامادەکردن**

٧٨. سەردانەکانی سەرپەرشتیاری پسپۆری و کارگێری سێ جار بێت، دووجاری پێش نیوەی ساڵ وە جارێکی پاش نیوەی ساڵ و جگە لەگەشتی خێرا.

٧٩. زیاتر بایەخ دان بەراپۆرتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری و وەڵام دانەوەی راپۆرتەکانیان.

٨٠. هیچ کارێکی لاوەکی بەسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری نەسپێردرێت جگە لەکارە تایبەتییەکەی خۆی.

٨١. هەڵسەنگاندنی مامۆستایان ئەرکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری بێت و رای بەڕێوەبەری قوتابخانە وەربگیرێت.

٨٢. دانانی سەرپەرشتیاری



پەروەردەیی و پسپۆری بەپێی پێویست بێت.

٨٣. بەشداری کردنی سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەیی و پسپۆری لەلیژنەکانی میلاکات.

٨٤. لەچاپ دانی پلانی ساڵانەی بەڕێوەبەری قوتابخانەو دابەش کردنی بەسەر قوتابخانەکاندا.

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com



٨٥. پێویستە هەموو سەرپەرشتیارێك خولی شیاندن ببینێت بۆ ماوەی سێ مانگ و ئەگەر تێیدا سەركەوتوو نەبوو دانانەكەی هەڵبوەشێتەوە.

**لیژنەی ئامادەو مەشق كردن**

٨٦. دانانی پلانی مەشق كردنی ساڵانە لەسەرەتایی‌و هەموو ساڵێك بەدابەش كردنی مانگانە بەسەر ساڵداو رەوانەكردنی بۆ وەزارەت بۆ راستاندنی (تصدیق).

٨٧. بەردەوامبوونی خولەكان بە(درێژایی ساڵدا) نەك تەنها لەوەرزی هاویندا بێت.

٨٨. دانانی بەڕێوەبەری خولەكان لەدەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا دەبێت بەهاوكاری یەكەی سەرپەرشتیاری وە هەروەها هەڵبژاردنی بەشداربووان لەخول ئەركی یەكەی سەرپەرشتیاری دەبێت.

٨٩. ئەلقەكانی زانستی‌و وانەو راهێنانەكان تەنها لە بەڕێوەبەرایەتی راهێنان و مەشق كردن دەبەسترێت.

٩٠. چاودێری ئەزموونەكانی خولەكان لەلایەن فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی ئامادەو مەشق كردن دەبێت.

٩١. بەڕێوەبەری خولەكان لەقەزاو ناحیەكان دا سەرپەرشتیاری جێ نشین دەبێت لەبەڕێوەبەری گشتی پەروەردە دیاری دەكات.

**لیژنەی راگەیاندن**

٩٢. (پەیامی پەروەردە) كە لەتەلەفزیۆنی هەرێم دوو هەفتە جارێك پەخش دەكرێت ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

أ- پوختەی چالاكییەكانی دیوانی وەزارەت.

ب- پوختەی چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بەوێنەو نووسین.

ج- بەرنامەی (پەروەردەو فێركردن) كە راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك ئامادەی دەكات و لە KTV دهۆك پەخش دەكرێت.

٩٣. پەیوەندی كردن لەگەڵ سەرجەم كەناڵەكانی راگەیاندن بە مەبەستی باڵوكردنەوەی چالاكییەكانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەكان بەپێی گرنگی‌و پێویست بەتایبەتی دەربارەی سازدانی ریپۆرتاژو بە دواداچوونی بوارەكانی پەروەردە.

٩٤. تەلەفزیۆنی پەروەردەیی رۆڵێكی گرنگی هەیە لەراگەیاندنی پەیامی پیرۆزی زانست و فێركردن بۆ سەرجەم مامۆستاو قوتابیان و توێژەكانی تری كۆمەڵ، بۆیە بەپەسندی دەزانین بەتەواوەتی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بێت لەڕووی بەڕێوەبردن و كاركردن و هونەرییەوە كە راگەیاندن رۆڵی لەرێكخستنی كارنامەی رۆژانەدا هەبێت.

٩٥. هەماهەنگی لەگەڵ هۆیەكانی فێركردن لەهەردوو پارێزگادا بۆ ژیاندنەوەو بەگەڕخستنی ئێزگەی قوتابخانەكان (الاذاعة المدرسیة) بەتایبەتی لەپەیمانگاو دواناوەندیەكاندا، بەپێی توانا بۆ (ئامۆژگاری كردن و بەرەو پێش بردنی بەهرەی قوتابیان لەهەموو رویەكەوە هەروەها بەگەڕخستنی سینەمای گەڕۆك بۆ قوتابخانەكانی شوێنە دوورەكان و كۆمەڵگەكان).

٩٦. وەزارەتی پەروەردە گۆڤارێكی مانگانە بەناوی (ئاسۆی پەروەردەیی) دەردەكات كە تایبەتە بەگشت لایەنە پەروەردەیی‌و رۆشنبیرییەكان و دەبێتە ئۆرگانی تیۆرە تازەكانی پەروەردەیی‌و رێگاكانی وانە گوتنەوەو وەكو پاشكۆ زنجیرە پەرتووكێكی پەروەردەیی دەردەكات.

٩٧. ئاڵوگۆڕكردنی توانست و شارەزایی لەگەڵ دەزگا زانستی‌و رۆشنبیرییەكان (رەسمی‌و نارەسمی) لەبواری زیاتر ناساندن و پەرەسەندنی سیستەمی پەروەردەیی لەهەرێمدا.

٩٨. دابین كردنی ستافێكی شارەزا بۆ بەشی راگەیاندن لەپەروەردە گشتیەكاندا كە لەڕووی دوو نووسەرو وێنە گرێك پێك بێت و دابین كردنی پێداویستیە تەكنیكی‌و داراییەكانیان بۆ ئاسان كردنی راپەڕاندنی ئیش و كارەكانیان.

٩٩. لەبەر فراوان بوونی ئیش و كارو چالاكییەكانی وەزارەتی پەروەردەو زیاد بوونی هەمە جۆرەكانی خزمەت گوزارییە پەروەردەییەكان بەپێویستی دەزانین بەشداربین لەتۆڕی (ئەنتەرنێت)ی تایبەت بەوەزارەتەكەماندا.

١٠٠. دەركردنی چەند پۆستەرێكی پەروەردەیی‌و رۆشنبیری‌و تەندروستی‌و یاسایی نزیك لەژیانی رۆژانەی قوتابیان بەدرێژایی ساڵ بۆ هۆشیار كردنەوەی قوتابیان وەكو قەدەغە كردنی لێدان و سەر زەنشت كردنی قوتابیان و مافی منداڵ و ریزگرتن لەرێنماییەكانی قوتابخانەو خوێندن... هتد.

١٠١. دەركردنی ساڵنامەی دیواری‌و دەست نیشانكردنی هەموو بۆنە نەتەوەیی‌و نیشتمانیەكان بۆ یەك

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

لاکردنەوەی ئەو جیاوازیانەی لەجۆری جێبەجێکردنیان لەقوتابخانەکاندا دروست دەبێت و پابەند بوونیان بەشێوەیەکی یەکگرتوو، لەگەڵ دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بەهەر بۆنەیەک بەسەر قوتابخانەکاندا دابەش (تعمیم) بکرێت...

## پێشنیارەکان

١. تەواوکردنی کەم و کورییەکانی بەشی کۆمپیوتەر بەگشتی و چاککردنەوەی سکانەر و UPS و دانانی سیستەمی نوێی پرۆگرامی تایبەت بەفۆنتی کوردی و هێنانی جیهازی ایمیجسێتر بۆ ئامادەکردنی فلیم بەقەبارەی بەتاڵ.

٢. گۆڕینی سیستمی ساردی و گەرمی ئێستای چاپخانە کە لەکارکەوتووە بەسیستەمێکی نوێی ساردی و گەرمی بۆ سەرجەم بەشەکانی چاپخانە.

٣. هێنانی مەوادی یەدەگی سەرجەم ئامێرەکانی بەشەکانی چاپخانە کە لەلایەن یونیسێف بەبڕیاری ٩٨٦ هێنراون بەتایبەتی و ئامێرە کۆنەکانی چاپخانە بەگشتی.

٤. گۆڕینی تەئسیساتی چاپخانەو ڕێکخستنەوەی کارەباییان بەشێوەیەکی گونجاو ڕێک و پێک.

٥. فەرش کردنی زەوی گشت بەشەکانی بەرهەم بەباشترین شێوە بەمەبەستی پاراستنی ئامێرەکان لەتۆزو خۆڵ.

٦. دروست کردن و گۆڕینی دەرگای سەرەکی بەشەکانی بەرهەم و کۆگاکان بەدەرگای پتەوو تایبەت بۆ ڕێگە گرتن لەتۆزو خۆڵ و لافاو بەفرو شتی تر.

٧. دروست کردنی وەرشەیێکی گەورەی چاک کردنەوەی ئامێرە لەکار کەوتووەکان تایبەت بەبەشی میکانیک- کارەبا- تبرید وتکیف- ئەجارە و دابین کردنی پێداویستیەکان لەئامێرو کەل و پەل.

٨. بەمەبەستی هاوسەنگ کردنی بەشی تەسحیف لەگەڵ بەشی چاپ لەرووی بەرهەم ئەویش بەهێنانی (دوو ئامێری نوێی تەکسیرو ئامێرێکی پەرتووک بەستن و دوو ئامێری تێل لێدان بۆ پەرتووکی ئەستوور (سجلات).

٩. هێنانی ئامێری چاپی ڕۆڵ ئۆفسێتی نوێ بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەم لەبەشی ڕۆڵ کە زۆر گونجاو ترە بۆ چاپی پەرتووکی خوێندن.

١٠. هێنانی ئامێرێکی چاپی شیت ئۆفسێتی قەبارە ١/٢ بەتاڵ کە جیهازی ترقمی لەسەر بێت بۆ چاپی بەڵگەنامەو بڕوانامەی دەرچوون.

١١. هێنانی ئامێرێکی نوێ (سلفنە) بۆ بەرگی پەرتووک و کارتانی وەزارەت.

١٢. هێنانی بەدالەیەکی نوێ بۆ چاپخانە بەمەبەستی ئاسانکاری و ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەی چاپخانە.

١٣. دانانی ئامێرێکی مۆلدر سلقی کۆنی چاپخانە لەبەشی تەسحیف و بەکارخستنی پاش دابین کردنی پێداویستیەکانی لەگەڵ دانانی هەردوو ئامێری چەقۆ تیژکردنەوە کە یونیسێف هێناویەتی.

١٤. هێنانی (١٠) عەرەبانەی دەستی تایبەت بەگواستنەوەی کاغەزو پەرتووک لەناو کۆگاو بەشەکانی بەرهەم لەگەڵ هێنانی دوو کەسکی کارەبایی گەورە بۆ پاککردنەوەی بەشەکان.

١٥. هێنانی مولیدەیەکی کارەبایی ١٠٠٠ KV یابانی نوێ کە زۆر پێویستە بۆ بەکار خستنی هەموو ئامێرەکانی چاپخانە لەکاتی پچرانی تەزووی کارەبا.

١٦. هێنانی کەل و پەلی کاری دەستی (عدد یدوی) بۆ سەرجەم ئامێرەکانی بەشەکان.

١٧. دروست کردنی کۆگایەکی تایبەت بەکاغەزو کارتۆن لەگەڵ دانانی ڕفوفی پێویست.

١٨. هێنانی دوو رافعە بۆ هەڵگرتنی کاغەزی ڕۆڵ، یەکێک بۆ هاتووچۆی ناو بەشەکان و ئەوەی تر بۆ داگرتنی کاغەزو کۆگاکان.

١٩. هێنانی چەند کۆمپیوتەرێک بۆ بەشەکانی بەرهەم و کۆگاو کارگێڕی.

٢٠. کردنەوەی خولی فێرکردنی کارمەندانی چاپخانە لەسەرجەم بەشەکانی هەریەکەی تایبەت بەکارەکانیان لەلایەن یونیسێف.

٢١. هێنانی کەتەلۆکەکانی پێویست بۆ سەرجەم ئەو ئامێرو جیهازانەی کە لەلایەن یونیسێف هێنراون.

٢٢. پێویستە پەرتووکەکانی کە وەزارەت بەمەبەستی چاپکردنی ڕەوانەی چاپخانەی دەکات پێشەکی لەبەشی پرۆگرامی وەزارەت تەواو پەسند کرابێت لەهەموو گۆڕانکارییەک ئینجا ڕەوانەی بکات نەک پاش ڕەوانە کردنی سەرپەرشتیاری چاپ بێنە چاپخانەو دەست کاری بکەن.

٢٣. هەوڵدان بۆ دابینکردنی شوێنی نووستن و حەوانەوەی مامۆستایان لەسنووری قەزاکان و شوێنە دوورەکان.

٢٤. بۆچوونی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان وەربگیرێت لەکاتی کردنەوەی قوتابخانەکان و دروست کردنی بینایەی قوتابخانە.

٢٥. لەبەر نەمانی ئەو بارودۆخەی جاران بۆیە داوا دەکەین کە ماوەی خانەنشینی بکەین بە ٦٥ ساڵ لەبری ٦٨ ساڵ.

٢٦. هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی پێدانی خۆراک لەقوتابخانەکانی باخچەی ساوایان و سەرەتاییەکان.

٢٧. هەوڵدان بۆ پێک هێنانی ئەنجومەنی پەروەردە لەدیوانی وەزارەت. بەسەرۆکایەتی وەزیری

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

پەروەردەو ئەندامێتی بریکاری وەزارەت و هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکان و راوێژکاران.

٢٨. کەل و پەل و پێداویستی خوێندن ڕێکخراوەکان با لەڕێگەی کۆگاکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان دابەش بکرێت.

٢٩. ڕێگە دان بۆ کردنەوەی قوتابخانەی (ئەهلی) بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە.

٣٠. هەوڵدان بۆ زیاد کردنی بابەتەکانی دەروون ناسی و (طرق تدریس) لەکۆلیژەکانی (زانست و ئاداب) بۆ شیاندنیان وەك مامۆستا.

٣١. هەوڵدان و چاو پیاخشاندنەوەیەك بەیاسای راژەی شارستانی (قانون الخدمة المدنية).

٣٢. وتووێژکردن لەگەڵ وەرگرتنی ناوەندی (قبول مركزي) بۆ دارشتنی پەندێك لەپەیمانگا بەوەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی لەپەیمانگا مەڵبەندییەکانی مامۆستایان. کە وەزارەتی پەروەردە پێی هەڵدەستێت.

٣٣. بۆ زیاتر بایەخ دان بەبواری پیشەیی داوا بکرێت کە ئەو قوتابیانەی ئارەزووی تەواو کردنی خوێندنی پیشەییان هەیە لەپۆلەکانی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیی (زانستی و ویژەیی) بواری تەمەنیان زیاد بکرێت:

أ- لە ٢١ ساڵ بۆ ٢٣ ساڵ بۆ کوڕان.

ب- لە ٢٣ ساڵ بۆ ٢٥ ساڵ بۆ کچان.

٣٤. هەوڵ بدرێت لەداهاتوودا بەپێی زروفی گونجاو بۆ فراوان کردنی باری بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی سریانی.

## ئەزموونەکان و هەڵسەنگاندن و بڕوانامەکان

١. گۆڕینی سیستەمی ئەزموونە گشتییەکانی شەشەمی سەرەتایی بۆ ١٠٠٪ بۆ ئەزموونی گشتی و بەپێی ڕێنمایی تایبەت کە وەزارەتی پەروەردە دەری دەکات.

٢. قوتابی دەرەکی پێویستە هەموو ساڵێك بەشداری لەئەزموونە پێشینەکان (التمهيدية) بکات و مافی بەشداری کردنی لەم ئەزموونە بەردەوام دەبێت بەمەرجێك:-

أ- بۆ ماوەی پێنج ساڵی یەکەم ساڵی (٥٠) دیناری لێ وەربگیرێت وەکو رەسمی بەشدار بوون.

ب- پاش ئەم پێنج ساڵە بۆ هەر ساڵێکی ئەزموونکردنی بڕی (١٠٠) دیناری لێ وەربگیرێت.

٣. هەر قوتابییەك مافی خوێندنی لەقوتابخانەکانی رۆژ نەما ئازادە لەتەواوکردنی خوێندن لەقوتابخانەکانی ئێواران وەیان بەشداری کردن وەك قوتابی دەرەکی پاش وەرگرتنی مافی بەشداری بەرێگای ئەزموونە پێشینەکان؟

٤. ئەو قوتابیانەی بێ بڕوانامەن لەساڵانی پاش راپەڕین تا ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ و ئەزموونی بەکالۆریای شەشەمی سەرەتایی بڕیوە، بەدەرچوو دادەنرێت و مافی تۆمارکردنیان دەبێت لەتۆمارگەی گشتی قوتابخانە پاش وەرگرتنی نووسراوی تایبەت لە ب. گشتی پەروەردەکان کە قوتابی وەك بڕوانامە حیسابی بۆ بکرێت.

٥. هەموو ساڵێك دەوامی قوتابخانەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە لە ٢٠٠٠/٩/١٥ دەست پێدەکات، بۆیە دەبێت بەگوێرەی ئەو مێژووە حیساب بۆ ئەزموونە گشتییەکان و ئەزموونەکانی پۆلە ناکۆتاییەکانی خولی دووەم بکرێت، بەمەرجێك لە هەموو کاتێك ئەزموونەکانی خولی دووەم لە ٩/١٢ کۆتایی هاتبێت.

٦. ئاڵ و گۆڕکردنی بەڕێوەبەرەکانی هۆڵە ئەزموونییەکانی قۆناغی ئامادەیی لەنێوان پارێزگاکانی هەرێم.

٧. قوتابیانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی قوتابخانەکانی ئێواران هۆڵە ئەزموونییەکان لەمەڵبەندی پارێزگا دەبێت وە لەهەردوو خولی یەکەم و دووەمی ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی.

٨. لەدوای ١٠/١٥ وە بەهیچ شێوەیەك قوتابی وەرناگیرێت لەقوتابخانەکانی ئێواران.

٩. ئەو قوتابیانەی لەئێران دەگەڕێنەوە بۆ هەرێم و بڕوانامەیان پێ نایەت لەئەزموونی پێوانەی ئاستی زانیاری بەشداری دەکەن، ئەگەر دەرچوون ئەوا لەپۆلەکانیان دادەنرێن و ئەوەی دەرناچێت ئەو ساڵە مافی درێژە پێدانی خوێندنی نابێت و دەتوانێت ساڵێکیتر بەشداری لەهەمان ئەزموون بکات.

١٠. بەهیچ شێوەیەك دوای ٤/١ ئەو قوتابیانەی لەدەرەوەی هەرێم دێن وەرناگیرێن لە قوتابخانەکان بەبێ بڕوانامەو پێداویستییەکانی، وە لەکاتەکانی تریش تەنیا ماوەی (٤٠) رۆژیان پێ دەدرێت بۆ هێنانی ئەو پێداویستییانە.

١١. پێویستە هەموو ساڵێك نمرەی معیاری بۆ ئەزموونە گشتییەکان دەربهێنرێت، بۆ ئەوەی بەپێی سازی پاداشت کاری پێ بکرێت، هەروەها بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەکان بەرپرسیارن لەدەرهێنانی رێژەی سەدی بە دواداچوونەوەی ئاستی زانیاری هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی، هەروەها کرداری شیکردنەوەی پرسیارەکانی (تحليل الاسئلة) نیوەی ساڵ و کۆتایی ساڵ. وە بەهۆی ئەنکێتی تایبەت ئەنجامەکەی بۆ قوتابخانەکان رەوانە بکرێت.

١٢. گۆڕینی مۆری پەسەندکردن لە هەموو مۆرەکانی بڕوانامەکانی پەروەردەکان بەمۆری (ئاوی - روون) بۆ بنبڕ کردنی تەزویر.

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

١٢. ئەو قوتابییانەی لەدەرەوەی هەرێم دێن و بروانامەیان پێ نایەت، بەم شێوەی خوارەوە رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت:-

أ. لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تاکو چوارەمی سەرەتایی بەپێی ماددەی ١٩ ی سیستەمی قوتابخانە سەرەتاییەکان ئاست و پۆلەکانیان بۆ دیاری بکرێت.

ب. پۆلی پێنجەمی سەرەتایی تاکو پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەپێی ئەزموونێکی تایبەت پۆلەکانیان دیاری دەکرێت.

ج. بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکان لە داهاتوودا لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردەو ب. گشتی ئەزموونەکان پێک دێت و لە ١١/١ ئەنجام دەدرێت و وێنەیەکی ئەو ئەزموونە دەدرێتە ب. بروانامەکان.

د. ئەو قوتابیانەی لەو ئەزموونە دەرنەچن لەپۆلەکانیان دادەنرێن و ئەوانەی دەرناچن مافی درێژە پێدانی خوێندنیان نابێت و بۆیان هەیە ساڵێکی تر بەشدار بن لە هەمان ئەزموون.

دارایی

١. دەرماڵەی خۆجێیەتی لە ٧/١ تاکو ٩/١ بەڕێوەبەرو پارەتیدەرانی قوتابخانەکان نەبڕێت، چونکە دەوام دەکەن.

٢. دەرماڵەی رادەبڕێت بەو بەردەستانەی کە لە قوتابخانە کاری پاککردنەوەی شوێنەکانی تەندروستی دەکەن بە بڕی (١٠٠) دینار (مخصصات المقطوعة) لەبەر ئەوەی فەراشی قوتابخانەکان مەترسی دەخاتە باری تەندروستیان.

٣. تەرخان کردنی دەرماڵەی تایبەت بەیاریدەدەری سەرپەرشتیاری یەکەم، مانگانە بەبڕی (٣٠٠) دینار.

٤. بڕی (٧٠) دینار بۆ سەرپەرشتیار خەرج بکرێت لەجیاتی کرێی ئوتێل بۆ ئەو شوێنانەی کە تیایدا نیەو شەو تیایدا دەمێنێتەوە.

٥. چاو پیاخشاندنەوە لەبڕی پارەی سەرموورچەو بەرزکردنەوەی کە بگونجێت لەگەڵ باروودۆخی گوزەرانی ئێستا.

٦. زیادکردنی دەرماڵەی منداڵ و خێزان.

٧. زیادکرنی دەرماڵەی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری قوتابخانەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی و باخچەی ساوایان لە (٣٩) دینار بۆ (٧٠) دینار.

ب- یاریدەدەری قوتابخانەی سەرەتایی و باخچەی ساوایان لە (٢٦) دینار بۆ (٥٠) دینار.

ج- بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندیی و دواناوەندیی و ئامادەیی و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەت لە (٥٥) دینار بۆ (١٠٠) دینار.

د- یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندیی و دواناوەندیی و ئامادەیی و پەیمانگاکان لە (٣٩) دینار بۆ (٧٠) دینار.

٨. زیادکردنی دەرماڵەی لەیەکتر گرتنەوە (بدل العدوی) بۆ کارمەندە خزمەت گوزارییەکان لە (٣٠) دینار بۆ (٥٠) دینار مانگانە. ئەوانەی کە هەڵدەستن بەپاککردنەوەی ئاودەستی قوتابخانەکان و لەهەر قوتابخانەیەک بۆ یەک کارمەند خەرج بکرێت.

٩. خەرج کردنی دەرماڵە بەبڕی (٢٠٠) دینار بۆ بەڕێوەبەری بەشەکان.

١٠. خەرجکردنی دەرماڵەی ترسناک بۆ کارمەندانی بەشی دۆسیەکان (التلفات) بەبڕی (٣٠) دینار مانگانە.

١١. راستکردنەوەی دەرماڵەی شوفێر بەم شێوەی خوارەوە:

أ- شوفێری ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر (اللوريات) مانگانە ١٠٠ دینار.

ب- شوفێری هەموو جۆرەکانی تر جگە لە لۆری (٧٠) دینار مانگانە.

١٢. زیاد کردنی دەرماڵەی کارمەندە بارهەڵگرەکان (العتالين) لە (١٢) دینار بۆ (١٠٠ دینار) مانگانە.

١٣. گێرانەوەی کرێی پەراوگە (القرطاسية) راستەوخۆ پاش وەرگرتنی رەزامەندی یاسایی.

١٤. زیادکردنی پێشینەی بەردەوام لەدیوانی وەزارەت لە (١٢٠,٠٠٠ بۆ ٢٠٠,٠٠٠ دینار).

١٥. داوا لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بکرێ بۆ تەرخان کردنی بڕی (٤٠٠,٠٠٠) دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەولێرو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکانی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو بۆ سەرفکردنی پێداویستی قوتابخانەکان (نثرية المدرسة) لەسەر هەمان رێنمایی ساڵی رابردوو کە چۆن کاری پێکراوەو هەروەها تەرخان کردنی بڕی (٣٠٠,٠٠٠) دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکانی سەر بەپارێزگای دهۆک و بەهەمان مەرجی سەرەوە.

لەگەڵ کۆتایی هێنان بە کارەکانی کۆنفرانسەکە بەشداربووان بروسکەیەکی رێزو وەفاداری بۆ بەڕێزان جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکرایەوەو ئەمەش دەقەکەیەتی:

**بەڕێز سەرۆکی هێزا کاک مەسعود بارزانی.**

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

ئێمەی بەشداربووان لەکۆنفرانسی دووەمی پەروەردەیی کە لەنێوان (١٢-

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە
www.moe-krg.com

١٤ ی ئەیلولی ٢٠٠٠ لەژێر دروشمی ( لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو زانست لەکوردستانێکی خالی لە نەخوێندەواری ) لەهەولێری پایتەخت دا بەسترا. لەکۆتایی کۆنفرانسەکە بەوپەری رێزو تەقدیرەوە ئامۆژگاری و ئاوردانەوەی بەردەوامی جەنابتان بەدەعمی مادی و مەعنەوی گرنگ دەنرخێنین بۆ سەرخستنی کارەکانمان و پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردە. سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین کە بەوپەری دڵسۆزییەوە بەدەنگمانەوە هاتوون و بایەخ و رەزامەندی لەسەر پرۆژەکانی وەزارەت دەدەن کە ئەمەش مایەی سوپاس و پێزانینە. لێرەدا پەیمان تازە دەکەینەوە کە هەمیشە هەوڵ و کۆششمان تەرخان بکەین بۆ بیناکردنی مرۆڤی کوردستانی و دابین کردنی ئایندەیەکی گەش و رەوشەن بۆ نەوەکانمان لەسایەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

کۆنفرانسی دووەمی
پەروەردەیی
هەولێر: ١٤/ ٩/ ٢٠٠٠

هەر لەئێوارەی هەمان رۆژدا، بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسەکە بەسەر کەناڵەکانی راگەیاندن دابەش کرا، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

## بەیاننامەی کۆتایی دووەم کۆنفرانسی پەروەردەیی

بەچاودێری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەژێر دروشمی ( لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو زانست لەکوردستانێکی خالی لەنەخوێندەواری ) لەرۆژی ١٢- ١٤/٩/٢٠٠٠ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دووەم کۆنفرانسی خۆی بەست.

لەسەرەتادا بەڕێز وەزیری پەروەردە لەوتارەکەیدا تیشکی خستە سەر ئاستەنگەکانی بەرەو پێش چوونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن. هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوو شیاو بۆ گیروگرفتەکانی دەست نیشان کردو لەمیانی کۆمەڵە خاڵێکی بنچینەییدا خستیە بەردەم ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە.

هەروەها رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەهەند نرخاند لە پشتگیری تەواوی کابینەی چوارەم بۆ لەناوبردنی کۆسپ و تەگەرەکان.

هەروەها بەڕێزیان داوای لەهەرجەم مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەیی کرد، کە پتر خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بەرامبەر پیرۆزیەکانی بواری پەروەردە. بەڕێزیان بەناوی سەرجەم بەشداربووانی کۆنفرانسەکە داوای لەجەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە وتەیەک بەم بۆنەوە ئاراستەی ئامادە بووان و گشت مامۆستایان و خەمخۆرانی پەروەردەیی بکات.

رێزدار نێچیرڤان بارزانی لەوتە بەنرخەکەیدا ئاماژەی بەوتە بەنرخەکەی سەرۆک بارزانی کرد کە ( هەموو میللەتی کورد قەرزاری مامۆستایانن ). بەڕێزیان سوپاسی بێ پایانی خۆی ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەو کارمەندانی کرد. کە بەمەودایەکی قیاسی توانیویانە ئەم رۆڵە گرنگە ببینن و بەئەنجامی بگەیەنن.

بەڕێزیان ئەوەشی دووپات کردەوە کە منداڵی کورد نابێ بەزۆر فێرە خوێندن بکرێت. هەر لەو سۆنگەیەوە داوای لەبەشداربووانی کۆنفرانسەکە کرد کە وشەی بەزۆر لەناونیشانی ( خوێندنی بەزۆر ) بگۆردرێت بەوشەیەک کە مانای ترس و زۆرداری تێدا نەبێت.

پاشان وتاری سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین پێشکەش کرا، وتاری مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان خوێندرایەوە لەگەڵ بروسکەکانی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان لەئاکری و شاندی زانکۆی دهۆک و دەستەی پەیمانگا تەکنیکییەکان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی پێشەنگانی کوردستان... کە ئاراستەی کۆنفرانسەکە کرابوو.

پاشان دانیشتنی دووەم دەستی پێکردو بەشداربووان بەسەر لیژنەکان بەش کران. کە بریتین لە ( ٢٢ ) لیژنە.

هەروەها بۆ ماوەی رۆژو نیوێک ئەندامانی لیژنە جیاجیاکان سەرقاڵی تاوتوێ کردنی راسپاردەو پێشنیازو گرفتەکان بوون و بەتێرو تەسەلی راپۆرتەکانی خۆیان ئامادە کردو پێشکەشی ئەندامانی کۆنفرانس کرا.

لەرۆژی سێیەمی کۆنفرانسەکەو بەگیانێکی هەست بەبەرپرسیارێتی و لەکەشو هەوایەکی ئازاددا گفتوگۆ لەسەر یەکە یەکەی راپۆرتەکان کراو بیروڕای جیاواز دەرخرا بەشێوی

www.moe-krg.com

دەنگدانەوە بڕوودەکان جێگیر کران.

لەدانیشتنی یەکەمدا کە لەکاتژمێر ٩ی سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٠/٩/١٤ دەست پێکراو زیاتر لەچوار کاتژمێری خایاند. ئەم ڕاپۆرتانەی خوارەوە خوێندرانەوە:

١- ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی.
٢- ڕاپۆرتی لیژنەی چاپخانە.
٣- ڕاپۆرتی لیژنەی کۆگاکان.
٤- ڕاپۆرتی لیژنەی فرۆشگای قوتابخانەکان.
٥- ڕاپۆرتی لیژنەی کارگێڕی.
٦- ڕاپۆرتی لیژنەی خوێندنی دواناوەندی.
٧- ڕاپۆرتی لیژنەی خوێندنی سەرەتایی و باخچەی ساوایان.
٨- ڕاپۆرتی لیژنەی پەیمانگاکان.
٩- ڕاپۆرتی لیژنەی پیشەییەکان.

پاشان لەکاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ دانیشتنی دووەم دەستی پێکردەوە، پتر لەچوار کاتژمێری خایاند، ئەم ڕاپۆرتانە خوێندرانەوە:

١٠- ڕاپۆرتی لیژنەی چالاکی قوتابخانەکان.
١١- ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەی وەرزشی.
١٢- ڕاپۆرتی لیژنەی خوێندنی سریانی.
١٣- ڕاپۆرتی لیژنەی تورکمانی.
١٤- ڕاپۆرتی لیژنەی ئیزدیاتی.
١٥- ڕاپۆرتی لیژنەی خوێندنی بەزۆرو نەهێشتنی نەخوێندەواری، کە بەپێی بڕیاری کۆنفرانس و بۆچوونی هەندێ زمانەوانی و پسپۆڕانی زمانی کوردی وشەی بە (زۆر)ی خوێندنی بەزۆر کرا بە (خوێندنی ئەوزیمی).
١٦- ڕاپۆرتی لیژنەی پرۆگرامەکان.
١٧- ڕاپۆرتی لیژنەی بڕیاری ٩٨٦.
١٨- ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتیاری و ئامادەو مەشق کردن.
١٩- ڕاپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان.
٢٠- ڕاپۆرتی لیژنەی ئەزموونەکان و هەڵسەنگاندن و ئەنجامی تاوتوێکردنی پێشنیارو بۆچوونی پسپۆڕان و ئەندامانی کۆنفرانس بەزۆرینەی دەنگ بڕیار درا کە ئەزموونی شەشی سەرەتایی بێتە وەزاری ١٠٠٪.
٢١- ڕاپۆرتی لیژنەی بڕوانامەکان.
٢٢- ڕاپۆرتی لیژنەی ڕاگەیاندن.

لەمیانەی کۆنفرانسەکەدا چەندین پێشنیارو ڕاسپاردە خرانە ڕوو، ئەوەی لەدەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردە بوو بێت بڕیاری شیاوی بۆ دەردەچێت و، ئەوەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی بووبێت بەرزی دەکاتەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

www.moe-krg.com

لەکۆتاییدا بەناوی بەرجەم بەشداربووانی کۆنفرانسەکە بروسکەیەک ئاراستەی بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی کرا، کە تێیدا سوپاسگوزاری خۆیانیان بۆ بەڕێزیان دەربڕی و پەیمانیان نوێ کردەوە، کە هەردەم هەوڵ و کۆششیان تەرخان بکەن بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەو دابین کردنی ئایندەیەکی گەش و ڕۆشن بۆ نەوەکانمان. ■